پلانی ستراتیژی

Strategic Planning

ژیانت بگۆڕە بـــە پلانی ستراتیژی

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

نوســـینی
ڕەنجـدەر خـالد گـڕاوی

2019

ئەگەر وەکو دوێنێ بیر بکەیتەوە،
ئەوا سبەینێ دەگەی بە ئەمڕۆ!

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنى جۆرەها كتێب:سەردانى: (مُنتَدى إقرَا الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

پلانی ستراتیژی

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: محمد خدر

بەڕێوەبەری هونەری: ئەیاد نادر

ناوەندی حاجی قادری کۆیی: هەولێر- پشت قەڵا- بازاڕی پۆشنبیری

Mdmakataba@gmail.com

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی/http://www.facebook.com

07504671394

07824671394

پلانی ستراتیژی

نوسینی: ڕەنجدەر خالد گڕاوی

ماستەر لە کارگێڕی کـــار

پێداچوونەوەی زمانەوانی :زیوەر انوەر

چاپی یەکەم

٢٠١٩ز

کتێبخانەی
حاجی قادری کۆیی
بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە

ناوی کتێب: پلانی ستراتیژی
ناوی نووسەر: پەنجەر خالد گڕاوی
بابەت: کارگێڕی کار، بەڕێوەبردن و ئابووری
دیزاینی ناوەوە: ئەیاد نادر
دیزاینی بەرگ: دیار عزیز
نۆبەتی چاپ:یەکەم
چاپخانە: – طهران
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٣٥٠٠
ژمارەیی سپاردن: ژمارەی سپاردنی (٢٠٩) دراوەتێ بۆ ساڵی ٢٠١٩ لە کتێبخانە گشتیەکانی هەولێر.

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نوسەر، هیچ لایەن و کەسێك بێ ئاگاداری دەزگا مافی دووبارە لە چاپدانەوەوخستنەسەر پی دی ئێفی نیە

بەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی یاسا دەبێتەوە.

ئەم کتێبە پێشکەشە:

- بە باوکم و دایکم.
- بە دکتۆرە (تانیا) هاوسەری ژیانم، هەمیشە هاندەر و پاڵپشتم بووە.
- بە کچی شیرینم (لـــەنوێ).
- بەو کەسانەی بڕوایان بە دروستکردنی سەرکردە هەیە بۆ جومگە جیاوازەکانی دەوڵەت ، پلان بەچارەسەری ڕیشەیی دەزانن بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروباری وڵآت.
- بە تۆی خوێنەر.

ناوەرۆك

ژ	بابەت	لاپەرە
	پێشکەشە	٥
	ناوەرۆك	٦
	پێشەکی	١٣
	بەشی یەکەم	١٩
	گەشەکردن وپەیدابوونی بەڕێوەبردنی ستراتیژی	٢١
	شیکردنەوە و پێناسەی "بەڕیوەبردنی ستراتیژی"	٢٣
	ئەرکی بەڕێوەبردنی ستراتیژی	٢٣
	گرنگی بەڕێوەبردنی ستراتیژی لە کار و پیشەی کۆمپانیا (بزنس) یان دامەزراوەیەك	٢٥
	بەشەکانی بەڕێوەبردنی ستراتیژی	٢٧
	بەشی دووەم	٢٩
	کلیلەوشە لە بەڕێوەبردنی ستراتیژی (پلانی ستراتیژی)	٣٠
	مەبەست (نیاز) (purpose)	٣١
	بینین (ڕوانگە، دیدگا) (vision)	٣١

	ئەرك (mission)	٣٢
	ئامانج (goal)	٣٣
	ئامانج (ئامانجی ئاراستەكراو) (Objective)	٣٣
	ستراتیژی (strategy)	٣٤
	تاكتیك (Tactics)	٣٤
	سیاسەت (Policy)	٣٥
	ستراتیژناس (Strategist)	٣٦
	شیكردنەوەی SWOT	٣٧
	(بەشی سێ یەم)	٣٨
	كاریگەری ژینگەیی لەسەر بەڕێوەبردنی پلانی ستراتیژی	٣٩
	ژینگە چییە؟	٣٩
	چۆن ستراتیژییەكی سەركەتوو لەگەڵ ژینگە و دەوروبەرێكی سەركەوتوو دروست بكەین؟	٤٠
	شیكردنەوەی Pestel	٤١
	سیاسەت Political	٤٢
	Economic ئابووری	٤٣

	Social کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا	٤٤
	Technologic تەکنەلۆژیا	٤٥
	Environment ژینگە و دەوروبەر	٤٦
	Legal یاسایی	٤٧
	کاریگەری ژینگەی ناوەخۆ Internal Environment	٤٨
	شیکردنەوەی Swot	٤٩
	خشتەی Swot	٥٢
	بەشی چوارەم	٥٥
	پلانی ستراتیژی	٥٦
	گرنگی پلان	٥٦
	پلانی درێژخایەن چییە؟	٥٨
	پلانی ستراتیژی چییە؟	٥٩
	پرۆسەی پلان دانانی ستراتیژی	٦٠
	ڕەزامەندی و قایل بوون بە پرۆسەی پلاندانانی ستراتیژی	٦١
	ئایا پلانی ستراتیژی پرۆسەیەکی ئەکادیمییە؟	٦٥

	گرنگی پلانی ستراتیژی چییە بۆ پرۆژەی نوێ؟	٦٧
	چۆن دەست بکەین بە نووسینی پلانی ستراتیژی؟	٧٠
	ئایا ئێمە بەپاستی ئامادەین بۆ پلانی ستراتیژی؟	٧١
	کێن لیژنە پلاندانان؟	٧٢
	ئێمە بۆچی پلانی ستیراتیژی دابنێین؟	٧٣
	ماوە و مەودای پلان چییە؟	٧٤
	چ جۆرە مۆدێلێك لە پلاندانان بەکار بهێنین؟	٧٥
	خشتەی بەرەوپێشچوونی پلانەکەمان چییە؟	٧٥
	کێ بەشداری بکات؟ چۆن؟ کەی؟	٧٧
	کێ لە دەرەوەی ئەو پرسە بێت باشترە؟	٧٨
	کەرستە و پێداویستییەکان بۆ ئەو پرۆسەیە	٧٩
	ناونیشان دانان بۆ ستراتیژەکە	٧٩
	چۆن پلاندانەر و ئەندامانمان فێر بکەین؟	٨٠
	بەشی پێنجەم	٨٢
	کارنامە و پەیرەونامەی پلانی ستراتیژی	٨٣

	بەرنامەی خوێندنی پلانی ستراتیژی	٨٦
	گەشەپێکردن و بەرەو پێشچوونی پلان	٨٩
	ئامادەکاری بۆ پلانی ستراتیژی	٩٠
	پێشبینی چ سوود و خێرێك دەکەی لەو پرۆژە و پلانە ستراتیژییە؟	٩١
	پێشبینی چەند تێچوو و پارەکەی بۆ تەواوکردنی پلانی ستراتیژی؟	٩٢
	پوونکردنەوەی ئەرك Mission Statement	٩٨
	پوونکردنەوەی دیدگا (Vision Statement)	١٠٠
	پوونکردنەوەی نرخ و بەها(Values Statements)	١٠٢
	بەشی شەشەم	١٠٣
	ستراتیژناس کێیە؟	١٠٤
	چی ستراتیژناسێکی سەرکەوتوو دروست دەکات؟	١٠٦
	بیرکردنەوەی ستراتیژی	١٠٨
	بۆچی بیرکردنەوەی ستراتیژی گرنگە؟	١١٠
	ستراتیژناس و شارەزا لە تاکتیك (تاکتیکی)	١١٠

	بەشی حەوتەم	١١٥
	پلانی ستراتیژی لە بزنسدا (کار و بازرگانی)دا	١١٦
	پێنج تاقیکردنەوە بۆ پلانی ستراتیژی لە بزنسدا	١٢٠
	بەشی یەکەم (تیشک خستنەسەر ستراتیژییەکە)	١٢٢
	(پێوەری سمارت SMART)	١٢٤
	جێبەجێکردنی ئامانج	١٢٧
	بەشی دووەم (بزنسەکە)	١٢٩
	بەشی سێیەم شیکردنەوەی مارکێت (بازار)	١٣١
	بەشی چوارەم بەرهەم	١٣٥
	بەشی پێنجەم مارکێتینگ (بازاڕدۆزینەوە)	١٣٧
	بەشی شەشەم (لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان)	١٤٠
	بەشی حەوتەم بەرهەمهێنان و گەیاندن	١٤٢
	بەشی هەشتەم دروستکردنی پەیوەندی	١٤٤

	بەشی نۆیەم ڕێکخستن و بەڕێوەبردن	١٤٥
	زاڵبوون بەسەر گۆڕانکارییەکاندا لە پلانی ستراتیژی	١٤٦
	بەشی هەشتەم	١٥١
	بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن	١٥٢
	چەمکی بەدواداچوون	١٥٢
	ئامانجەکانی بەدواداچوون	١٥٢
	جۆرەکانی بەدواداچوون	١٥٤
	هەڵسەنگاندن	١٥٧
	ئامانجەکانی پڕۆسەی هەڵسەنگاندن	١٥٨
	گرنگی هەڵسەنگاندن	١٥٩
	جۆرەکانی هەڵسەنگاندن:	١٦٠
	بڕیاردانی هەڵسەنگاندن:	١٦١
	ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن:	١٦٣
	ڕەگەزەکانی نووسینەوەی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن	١٦٤
	سەرچاوەکان	١٦٨

پێشەکی

بەڕێوەبردن و کارگێڕی هاوچەرخ پووبەپووی گۆڕانکاری پێشکەوتنی زۆر دەبێتەوە. کە لە سەدەی بیستەمدا پوویانداوە. بەتایبەتی لە کۆتاییەکانیدا، چاوەڕوان دەکرێت ئەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنانە بەردەوام بن بۆ پوودانی نوێکاری زۆرتر لە سەدەی بیستویەکەمدا.

ئەم گۆڕانکارییە خێرایانە وا دەکات، کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە دەزگا و ڕێکخراو و کۆمپانیاکان هەستن بە ئەنجامدان و بەکار هێنانی ڕۆڵەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکان و سوود وەرگرتن لە خاڵە بە هێزەکان بۆچاکسازیکردن لە خاڵە لاوازەکانیان، وا دەکەن نوێکاری و داهێنان بکەن و بەرهەم و کاریان بەرەو پێشتر ببەن و ڕکابەرایەتی لەگەڵ ئەوانی تر بکەن.

سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هەر ڕێکخراوێك وەستاوە لەسەر ستراتیژییەتێکی دیاریکراو و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو

ستراتیژییەتە لەژێر سێبەری ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەوری ئەو ڕێکخراوانەی داوە.

هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی هەر ڕێکخراوو کۆمپانیایەک بەستراوەتەوە بە و پلانە ستراتیژییەی کە نەخشەی بۆ کێشراوە، زۆر جار ئەو بیرۆکانەی کە هەنە ناتوانرێ بە تەواوی کاریان بۆ بکرێت، لەبەر هەندێ هۆکاری ئابووری کە ئەگەر پلانی ستراتیژی تۆکمە نەبێت، ڕەنگە ئەو ڕێکخراو یان کۆمپانیایە بەتەواوی هەرەس بێنێت، وەک دەڵێن ئەگەر نەزانی بۆ کوێ دەڕۆی ئەوە بە دڵنیاییەوە لە ڕێگایەکی هەڵە کۆتایی بە گەشتەکەت دێت، بۆیە کتێبێك کە پێکهاتووە لە هەشت بەش دەتوانێت ڕوونـاکی و تیشك بخاتە سەر ستراتیژی و پلانی ستراتیژی.

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا تیشك دەخرێتە سەر چەمك و مانای پلانی ستراتیژی و گرنگی هەبوونی لە ڕێکخراو و کۆمپانیاکاندا. لە بەشی دووەمیدا نووسەر هەوڵی داوە هەموو کلیلووشەکانی ناو ستراتیژی و پلانی ستراتیژی شی بکاتەوە، چونکی بەبێ ئەوەی تێبگەین کە وا ستراتیژی چییە؟ ئامانج بۆ

چییە؟ باشە هەبوونی تاکتیک تا چەند یارمەتیدەرە بۆ بە دیهێنانی خەون و ئامانجەکان جگە لەوەش باسوخواسی شیکردنەوەی ستراتیژی کراوە.

بەشی سێیەم کە بەبابەتێکی گرنگی ئەم کتێبە دادەنرێت، ژینگەیە تا چەند ژینگەی دەوروبەرمان کاریگەری هەیە لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی پلانە ستراتیژییەکە، بە وردی باسی شیکردنەوەی Pestel کە هەبوونی ئەم توخمانە زۆر گرنگن پێش ئەوەی ئێمە پلانمان دابڕێژین، هەروەها بەوردی تیشک خراوەتە سەر ژینگەی ناوەخۆ و کاریگەری و ڕۆڵی لە پلانی ستراتیژی، پێویستە ئەمەش ئاماژە پی بکەین، زۆر بە وردی (swot) باس کراوە کە بەکار دەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی خاڵە بەهێز و لاوازەکان وە دۆزینەوەی دەرفەت و لادان دژایەتیی کردنی ئەم مەترسییانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە.

چوارەم بەشی خۆی دەگرێتەوە لە چەند ئامۆژگارییەک، کە پێویستە ڕەچاوی بکەین، لەگەڵ نەخشەدانانی پلانی ستراتیژی لە ڕوانگەی کەسە بەشداربووەکان لەو پڕۆسەیەوە و وەلامی

پرسیاری ئەوەی ئایا پلانی ستراتیژی ئەکادیمییە یان هونەرە؟ گرنگی پلان لە پڕۆژەی تازەدا باسیان لێوە کراوە.

بەشی پینجەم گرنگی دانە بە کارنامە و پەیڕەونامەی پلانی ستراتیژی، شکاندنی بەربەستەکان و دانانی بودجە و دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە جێبەجێکردنی پلانەکە،وەهەروەها گەشەپێدان و خەملاندن تیشکی خراوەتە سەر.

ستراتیژناس کێیە؟ چۆن دەبێتە ستراتیژناسێکی سەرکەوتوو، ئایا بیرکردنەوەی ستراتیژی چەندە گرنگە بۆ سەرکردایەتی کردن، چەند نموونەیەك لەسەر گرنگی تاکتیك و ستراتیژ لە بەشی شەشەم خراونەتە ڕوو.

بەشی حەوتەم کە بەشی بزنسە، دانانی پلانی ستراتیژی لە بزنس و کار و بازرگانی شی دەکاتەوە، چەند بیرۆکەیەك دەخاتە بەر دەست و حەوت نهێنی لە سەرکەوتنی تاك و بزنس باسیان لێوە کراوە، زاڵبوون بەسەر گۆڕانکارییەکان بەشێکی تری گرنگە کە تیشکی خراوەتە سەر، جا چ گۆڕانکاری چاوەڕوانکراو بن یان چاوەڕواننەکراو بن.

بەشی هەشتەم وکۆتایی ، بەشێکی تری گرنگە لە پڕۆسەی پلانی ستراتیژی، باسی گرنگی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن کراوە، جۆرەکانیان، نووسینی ڕاپۆرت، هەڵسەنگاندن و هەموو جۆرەکانی و هەروەها بڕیار دان لەسەر هەر پڕۆژەیەک تیشکی خراوەتە سەر، بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن نەک تەنیا بە پلانی ستراتیژی بگرە بۆ کاروباری ڕۆژانە و لێپرسینەوە لە خود تا بگەی بە وەڵامی چیم کردووە؟ لە کوێم و دەمەوێ بگەم بە کوێ؟

نووسەر ئاواتە خوازە بەرهەمەکەی وەک بەرهەمەکانی تر وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی بواری بەڕێوەبردن و کارگێڕی بەکار بهێنرێت.

لە کۆتاییدا پێویستە قسەیەک بکرێت لەسەر ئەوەی کتێبە ئەکادیمی و سەرچاوەییەکان زۆر ئاسان بەرهەم نایەن، نووسەر هەوڵی داوە بەشە گرنگەکان بخاتە بەر دەستی ئێوەی خۆشەویست تاکو بتوانین پلانمان هەبێت بۆ خۆمان، کارمان، خێزانمان و ژیانمان.

نووسەر بە تایبەتی باسی پلانی ستراتیژی تاکەکەسی نەکردووە، لەبەرئەوەی لە دوای وردبوونەوە و لێکدانەوەیەکی زۆر، بیروڕای وایە پلان و ستراتیژییەت گشتگیرە و دەتوانرێ بەکار بهێنرێت بۆ دامودەزگاو رێکخراو و کۆمپانیا، هەروەها بۆ تاکەکەسیش، چونکە هەمان هەنگاوەکان پەیڕەو دەکرێن بۆ پلانی تاکەکەس هەر لە شیکردنەوەی ناوەوەو دەرەوە تاکوو داڕشتنی پلان، بۆیە نووسەر ناوی ناوە پلانی ستراتیژی، دەتوانرێ سوودی لێ وەربگرێت بۆ داڕشتنی پلانی کەسی.

نووسەر هەمیشە هەوڵی داوە کتێبەکانی بچنە چوارچێوەی زنجیرە کتێبی بەڕێوەبردن، بۆ ئەوەی خوێنەر لەگەڵ کتێبەکانی تردا ئاسۆیەکی ڕووناک و داهاتوویەکی گەش بنیات بنێت، ببێتە سەرکردە.

کتێبخانەی کوردی زۆر پێویستی بەو جۆرە کتێبانە هەیە و من زۆر دەمێکە شەو و ڕۆژم خستۆتە سەر یەک تاکو بتوانم خزمەت بە کۆمەڵگا و ئێوەش بگەیەنم.

نووسەر

بەشی یەکەم

چەمک و گرنگی بەڕێوەبردن و پلانی ستراتیژی:

" بەیانی بۆ ئەوانەیە کە وا ئەمڕۆ بڕیاریان داوە وخۆیان ئامادە کردووە "

"پەندێکی ئەفریقی"

گەشەکردن وپەیدابوونی بەڕێوەبردنی ستراتیژی:

بەڕێوەبردنی ستراتیژی بووە جێگەی بایەخ و گەشەی سەند لە سێ دەیەی ڕابردوودا، وەک وەڵامێک بۆ ئەو پەستانە زۆرانە و کاریگەری ژینگەی دەوروبەر، لە کاتی کارکردنی دامەزراوەیەک یان کۆمپانیایەکی کار، بە چارەسەرێکی گونجاویان زانی، بۆ خۆ ئامادەکردن لە هەر هەڕەشەیەک کە لە ئایندەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

وشەی ستراتیژی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان و لە وشەی strategos وە سەرچاوەی گرتووە کە مانایەکەی بەوە دەهات (بەڕێوەبردنی جەنگ یان هونەری بەرەنگاربوونەوەی سەربازی)، دوای ئەوەش ئەو ستراتیژە هاتە ناو بوارەکانی تر وەک بزنس، سیاسەت، ئابووری، سەربازی، ئاساییشی نەتەوەیی... هتد، چونکە پسپۆڕان وا ستراتیژی بەڕێوەبردن شی دەکەنەوە کە (هەر کارێکی سەرکەوتوو دەبێ ستراتیژییەتی گونجاوی هەبێ) کە ئەویش بەوە دێت لە سەرکردایەتییەکی باش و جێبەجێکردنێکی شیاو، بە لە بەرچاوگرتنی (العلم والعمل) واتە زانست و کارکردن، ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێت

زانست و بیرکردنەوەی مرۆڤ و پلان و ڕێکخستنی بۆ هەر کارێك پاشان لە ئەنجام دانی کارەکە ودەشکەوێتە قالّبی (ستراتیژی و بەڕێوەبردن)ی ژیان. چونکە هیچ دەرگایەك نییە نەکرێتەوە و هیچ شتێك مەحالّ نییە.

شیکردنەوە و پێناسەی "بەڕیوەبردنی ستراتیژی"

- چەند شیکردنەوە و پیناسەیەکی جیاوازمان هەیە، نووسەران و توێژەران لە ماوەی ڕابردوودا کردوویانە وەك:

- ئاشۆف(ashoff) کە بەڕابەری بیرۆکەی بەڕێوەبردن دادەنرێت وا پێناسەی دەکات (هێزی پیزانینی دامەزراوەیەکە لەگەلّ ژینگە و دەوروبەرەکەی، هێزی پێزانین و تێبینیکردنی ئامانج و دیدگای دامەزراوەکە کە پێشبینی دەکات بەرامبەر ئەو هەڕەشە و پەستانەی کە ژینگەی کاری تێدا ئەنجام دەدرێت).

- ئامپسۆن (Thampson) وستریکلاند (Strickland) بەو شێوەیە بەڕێوەبەری ستراتیژی پێناسە دەکەن (هێلّکاری و نەخشە ڕێگایەکە کە وا ئاڕاستەی ئایندە و دواڕۆژمان نیشان

دەدات و ئاسانکاری دەکات بۆ ئەو ئامانجەی کە لە مێشک و بیری مرۆڤدایە، هەر لەو رێگایەوە دەتوانین بڕیارێکی ڕاست و دروست بدەین و پاشان جێبەجێی بکەین و ئینجا چاوەڕێ بکەین).

-گلویك (Gluek) دەڵێت: (ڕێکخستنی پلانە، بەرانگاربوونەوەیە لەگەڵ ژینگەی کار و سیاسەتی کارکردن، تاکە هیوای بەدەستهێنانی خەون و ئامانجی هەر دامەزراوە و ڕیکخراوێکە).

-دراکەر (Drucker) دەڵێ: (پڕۆسەیەکی بەردەوامی هەر دامەزراوەیەکە کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دەرکردنی بڕیاری دروست و دواتر جێبەجێکردنی بۆ ئەو پڕۆسەیە کە دەکەوێتە قاڵبی پلانی ماوەی درێژ و دابینکردنی گشت پێداویستییەکان).

ئەرکی بەڕێوەبردنی ستراتیژی:

لە بەشی پێشوو هەندێ لەو پێناسانەمان کرد، کە بۆ بەڕێوەبردنی ستراتیژی نووسرابوو. هەندێکیان بە مۆدێلێك لە پلان پێناسەیان کرد، هەندێکیان جگە لە پلان و دیاریکردنی ئامانج بە هونەری دەرکردنی بڕیاردانانیان پیناسە کردبوو، هەندێ بەوەی هونەری بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ ژینگە هەموو پێکهاتەکان، بە لەبەرچاوگرتنی پیناسە و شیکردنەوەکانی پێشوو (٨) ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبردنی ستراتیژی تێدا بەشدار دەبێت، ئەوانیش:

-داڕشتن و هاوکێشەی ئامانجی کۆمپانیا یان دامەزراوەیەکە، لە ڕێگەی پلانی درێژخایەن.

-گەشەسەندنی دامەزراوەکە و دیاریکردنی بارودۆخی لە ئێستا و داهاتوودا، هەروەها توانای کردنی ئەو ئەرکە.

-بەڕێوەبردنی ستراتیژی دەبێتە هۆکارێك بۆ دیاریکردنی خاڵی لاواز و بەهێز، هەوڵدان بۆ چاککردن و بەهێزکردنی خاڵە لاوازەکانی لە ئایندە.

-شیکردنەوە و دانانی بەدیل و جێگرەوە(ئەلتەرناتیف) بۆ هەر پلانێك واتا پلان (B) کە دواتر باسی دەکەین.

-دیاریکردنی ئامانجی کورت خایەن کە ئەویش دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی ئامانجی درێژ خایەن، پاشانیش ستراتیژی گشتی.

-گۆڕینی دیدگا و خەونی کۆمپانیا یان دامەزراوەکە بۆ ئامانج و مەبەستێکی دیار.

-بڕیادەرە لەسەر مان و نەمان، شێوازی بەرگریکردن و دیاریکردنی سنووورێك بۆ ئامانج و کارەکان.

-هۆکارێکی باشە بۆ دروست نەبوونی قەیران و ئالۆزی لە ناو ئیشوکاری داهاتوو دا، چونکە ستراتیژی بە واتای چارەسەری پێش ڕوودانی قەیران و دوای ڕوودانی قەیران دێت.

گرنگی بەڕێوەبردنی ستراتیژی لە کار و پیشەی کۆمپانیا (بزنس) یان دامەزراوەیەک:

حەز و ئارەزوو و ئامانجی دامەزراوەیەك ڕاناوەستێت هەمیشە گەشە دەکات، چونکە سنوورێك نییە بۆ تەواو بوونی حەز و ئارەزووی بەدەستهێنای زیاتر، سرووشتی مرۆڤەکان ئاوایە هەمیشە دەڵێن زیاتر و باشتر هەر ئەوەشە گرنگی ستراتیژی.

بۆ لایەنی دارایی گرنگییەکی زۆری بۆ وڵات وکۆمپانیا یان دامەزراوەیەك هەیە، وەك لێکۆڵینەوەکان پێمان دەڵێن "گرنگی زۆری بۆ لایەنی دارایی هەیە، چونکە دوای دانانی ستراتیژییەك لە بواری فرۆشتن، قازانج، گەیشتن بە خاڵی خێر و دارایی باش، بەرهەمێکی چاك و پوختمان دەبێت، ئەوەش وا دەکات کەمترین خەرجی و مەسروفی زیادە و یان سەرفکردنی پارە و بەهەدەردانی لە پێناو نەبوونی پلان و ستراتیژییەکی باش.

گرنگی بەڕێوەبردنی ستراتیژی بۆ لایەنی تر بەدەر لە لایەنی دارایی، دەتوانین زۆر سوودی گرنگی ئەم زانستە پوون بکەینەوە:

-ڕێگا و چارەسەر دەدات بۆ ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

-بەرچاوڕوونی دەدات بە کارمەندان چونکە ئاڕاستە و ئامانجیان ڕوون و ئاشکرایە.

-کارمەندان زیاتر بە پەرۆش دەبنو دەبێتە هاندەرێکی باش.

-بڕیاری خێرا و دروست.

-بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی زیاتر بۆ ئامانج وکێشەکان.

-کارکردن ئاسانتر دەکات چونکە بۆ هەر کێشەیەک کارکردنێکی لۆژیکانە دانراوە.

بەشەکانی بەڕێوەبردنی ستراتیژی:

بەڕێوەبردنی ستراتیژی بە لایەنی کەم لەم بەشانە پێك هاتووە:

-کۆنترۆڵکردن و پلانی ستراتیژی (Strategic Planning and control) ئەو پرۆسەیە بڕیاردەری گۆڕانکارییە لە ئامانج و ئاراستەی دامەزراوەکە یان کۆمپانیایەکە یان گۆڕین و یاریکردنە بە کارەکتەرەکانی ناو دامەزراوەکە، کە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ستراتیژییە دەدەن.

-پلان و کۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبردن (management Planning and control) پرۆسەیەکە مەبەستی سەرەکی ئەوەیە دڵنیابوونەوە و بەدواداچوون بۆ سەرچاوەکانی بەدیهێنانی ئەو ستراتیژییە، ئایا هەموویان ئامادەن؟

ئەم پرۆسەیە چوارچێوەیەك بە دەوری ئامانج و ستراتیژییەکە دروست دەکات. دەتوانین ناوی بنێین (چوارچیوەی دڵنیابوون).

-کۆنترۆڵ و پلانی تەکنیکی (Technical Planning and contorl) پرۆسەیەکی

دڵنیابوونەوەیە لە نێوان کارامەیی و سەرچاوەکان، یان باشتر بڵێین شێواز و تێچوونی ستراتیژییەکە دەخاتە ڕوو، وەک لایەنەکانی (دارایی، ژمێریاری، دڵنیایی جۆری).

-پلانی ڕێکخستنی درێژ (Long-Range planning) پلان بۆ ساڵی داهاتوو، ئەمەش بە هەمان واتای بەڕێوەبردنی ستراتیژی نایەت، هەموو پلان و ڕێکخستنێك ناکەوێتە قاڵبی ستراتیژی. بەڵکو پلانی درێژخایەن و کورتخایەن دەکەونە چوارچێوەی ستراتیژییەت. واتا بەشێکن لە ستراتیژی بەڕێوەبردن.

بەشی دووەم

"دیدگا بەبێ کردار تەنها خەونە، کردار
بەبێ دیدگا تەنها کات کوشتنە، دیدگا
لەگەڵ کردار جیهان دەگۆڕێ"

جۆیل بارکەر

بەشی دووەم

کلیلەوشە لە بەڕێوەبردنی ستراتیژی (پلانی ستراتیژی)

بەڕێوەبردنی ستراتیژی وەك هەموو بابەتەکانی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی گەشەی کردووە، لە ڕووی زمانەوانی و وشە کە بێگومان ناسینەوەی ئەو وشانەش گرنگن بۆ تێگەیشتن لە چەمکی بەڕێوەبردنی ستراتیژی. لە هەمان کاتدا گەر بمانەوێ ڕێکخراوێك یان کۆمپانیایەك دابمەزرێنین، پێویستە لە تەواوی ئەو کلیلەوشانە تێبگەین و لێیان ورد بینەوە چونکە تاکو بە تەواوی زۆر بە ئەندازەیەکی ورد لە یەك بەیەکی بەشەکان و کلیلەوشانە نەگەین ئەستەمە لێکیان جیا بکەینەوە و نەتوانین ستراتیژییەکی بەهێز دابڕێژین، ستراتیژی دەبێت لە خەونەوە بکرێت بە ڕاستی ئەو خەون و ئامانجەش بە تاکتیك و پلانی کورتخایەن و درێژخایەن و بەڕێوەبردنیکی باش، بەڕێوە ببرێت. مەبەستی سەرەکی لەم بەشە ناسین و ئاشنابوونە بەو شتانەی باسمان کرد، لە ڕووی لە یەکچوون و جیاوازی و پەیوەندی هەر

یەکەیان بە یەکتری و دابەشبوونیان، بە پێی ڕیزبەندی بۆ جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ستراتیژێکی تەندروست و بەرجەستە، ئەو کلیلەوشانەش بریتین لە:

١-مەبەست (نیاز) (purpose):

سەرەتای دەست پێ کردنی هەر پڕۆژەیەک و ستراتیژییەکەی، کە پوختەی ماناکەی ئەوەیە ئایا مەبەست لەو پڕۆژە و نووسینی ستراتیژییە چییە؟ بەنیازی چی دەبێت؟ بێگومان داڕشتنی هەر ستراتیژییەک پێویستە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بێت، گرنگە باسی بارودۆخ و هەلومەرجی ئێستا و داهاتوو بکەی، سەرەتای دەست پێ کردنی هەر کارێک دەبێت بە مەبەست دەست پێ بکات، وەک دەوترێت ئایا مەبەستت چییە و بەنیازی چی بکەیت، دەبێت ڕوونی بکەیەوە بۆیان کە وا نیازم وایە لە داهاتوودا ئەو کارە بکەم و بگەم بەو مەبەستەم.

٢-بینین (ڕوانگە، دیدگا) (vision):

پوختەی مانای ڕوانگە و بینین ئەوەیە (خۆت لە چیدا دەبینییەوە؟) یان دەتەوێت ببیت بە چی؟ بۆ نمونە ئەگەر

پرۆژەیەک بنووسیتەوە و مەبەستت بۆ دیاری کرد پاشان پرسیاری ئەوەت لێ دەکرێ باشە چی دەبینی لە داهاتوودا؟، تۆش لە ڕوانگەی خۆت ئەو خەونەی هەتە کە دەیبینی بۆیانی شی دەکەیتەوە، جا ئەو دیتنەی تۆ دەکرێ زۆر لە خەیاڵ نزیک بێت، بەڵام دەبی تۆ باسی بکەی. بۆ نمونە من دەمەوێت لە داهاتوودا جگە لە شارەکەی خۆم لە شارەکانی تر هەمان کۆمپانیا و ڕێکخراو دابمەزرێنم، کەس پێت نالێت ناکرێت و نابێت، چونکە مەبەستت هەیە و توانای ئەوەت هەیە ئەو شتە بکەیت. جا ئەوەش پێی دەوترێت بینینی داهاتوو، کە زۆر بەشێکی گرنگە بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵ بدەیت و خەون و ئامانجی زیاترت هەبێ.

٣-ئەرك (mission):

پوختەی واتای ئەوەیە ئەگەر مەبەستت هەبوو پاشان بینینت بەهێز بوو بۆ داهاتوو، دەبێت هەنگاوی دوای ئەوە چی بێت؟ بێگومان جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەیە، واتا چۆن بتوانین ئەو خەونو دیدگایەمان جێبەجێ بکەی؟ ئەو بەشەش دوای دانانی ئەرکی جێبەجێکردن سەرچاوەیەکە بۆ دەرکردنی بڕیاری

تەندروست. بۆ نمونە من پڕۆژەیەکم هەیە، زۆر لەوانەی تر جیاوازترە و سوودی زیاترە، من دەتوانم گرێنتی بدەم کە بەرهەمەکانم باشترە لەوانی تر، کە ئەوەش سەرەتای دەست پێ کردنی هەر پڕۆژەیەکی ستراتیژییە، بۆیە گرنگی زۆری هەیە، لە بەڕێوەبردنی ستراتیژی بە خاڵی گۆڕان دەسپێکی هەر پڕۆژەیەك دادەنرێت.

٤-ئامانج (goal):

گەیشتنە بە ئامانج و حەز و ئارەزووی هەر ڕێکخراوێك یان کۆمپانیایەك، هەموو ئەو هەوڵانەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستی، واتا خەونمان هەبوو بۆ ئامانجێك، گەیشتن بەو ئامانجەش مانای گەیشتن بە واقع و پێکانی ستراتیژییەکە گەیشتین.

٥-ئامانج (ئامانجی ئاراستەکراو) (Objective):

(Objective) زۆرجار لەگەڵ goal ئالوگۆڕ و هەندێ جار هاوواتان بەڵام (Objective) بۆ ئامانجێکی زۆر تایبەت تر، بۆ ئامانجێك کە نزیکترە لە goal . زۆربەی توێژەران و ڕابەرانی بواری بەڕێوەبردن دەڵێن (Objective) بریتییە لە هیوا و

ئاواتی دامەزراوەیەک یان کۆمپانیایەک، دەتوانرێ بۆ ئامانجی درێژخایەن و کورتخایەن بەکار بهێنرێت. کەواتەgoal ئامانجی ئەنجوومەن و کۆمپانیایەکە بە گشتی. بەڵام (Objective) زیاتر دیاریکراوە و دوورودرێژ و وردترە.

٦-ستراتیژی (strategy):

خودی ستراتیژ بریتییە لە بەدەستهێنان و هەوڵ دان بۆ ئامانجی درێژخایەن.

ئەویش دوای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندی هەرچوار کۆمەڵەکەی پلان و ستراتیژی، کە بریتین لە بەهێزی، بێ هێزی، دەرفەت، هەڕەشە، کە دواتر هەوڵ دەدەین بە تەواوی لەسەریان بدوێین، بۆیە لەوانەیە بە چەند ستراتیژییەک بتوانرێ یەک ئامانج بەدەست بهێنرێت.

٧-تاکتیک (Tactics):

تاکتیک بۆ ئامانجی کورت خایەنە، بۆ پڕکردنەوەی کونج و کەلەبەرەکانی ئەو پڕۆژەیە یان ستراتیژییەکە، واتە تاکتیک لەگەڵ پڕوداوەکان تەریب ڕێ دەکەون، دەتوانین تاکتیک بەوە

پێناسە بکەین ئامانج دەر و درێژە پێدەری پلانی ستراتیژییەتە. واتا زیندووکردنەوەی پڕۆژەکانە، لەگەڵ ستراتیژییەت جیاوازییەکی بەرچاو دەتوانین بکەین کە وا تاکتیک دەڵێ چۆن ئەو پڕۆژە جێبەجێ بکەم؟ بەڵام ستراتیژی تەنها پلانە و دەڵێ بۆچی ئەم پلانە ئەنجام دەدەم؟ بۆ نمونە شێوازێکی ئاسان کە وا هەموو کەسێك بە سانایی لە تاکتیک و ستراتیژی تێ بگەن. ئەگەر پلانێکمان هەبوو یان ستراتیژییەکمان هەبوو، کە وا چۆن لە ڕووبارێك بپەڕینەوە، لێرەدا بیرکردنەوە لە دروستکردن و بەکار هێنانی ئەوە، تاکتیکە بۆ گەیاندن بەو پلانە.

٨-سیاسەت (Policy):

لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەندێ لە نووسەران لە جیاتی وشەی ستراتیژی وشەی سیاسەت یان (Policy)یان بەکار دەهێنا وەك (Policy Business) لە جیاتی (Business Strategy)، بەڵام لە واقیعدا جیاوازە لە ستراتیژی و تاکتیک بەوە پێناسە دەکرێت (بە کام ڕێگا و بە کام جۆری سیاسەت کردن ئەو ئامانجەمان بە دەست دەکەوێ، کە ستراتیژییەکەم بۆ داڕشتووە و دەمانەوێ پێی بگەین). سەرچاوەیەکی زانیاری لە خۆی

دەگرێت. دەتوانین بڵێین کە وا (Policy) ئەو شتانەش لەخۆ دەگرێت، ڕێنمایی، یاسا، پڕۆگرام، پاڵپشت، پشتگیری، کەواتە بەشێکی گرنگ و هەستیارە لە بەڕێوەبردنی ستراتیژی.

٩-ستراتیژناس (Strategist):

ستراتیژناس ئەو کەسەیە کە بەشداری پڕۆسەی بەڕێوەبردنی ستراتیژی دەکات، هەڵبەتە زۆر لە بەشەکانی تریش بەشدارن لەو پڕۆژەیە، بەڵام ئەو کەسەی کە پڕۆسەکە بەڕێوە دەبات پێی دەوترێ ستراتیژناس، یان هەندێ جاریش پێی دەوترێ ستراتیژدانەر، ئەو بەشانەی کە لە بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا بەشداری دەکەن لە پڕۆسەی دانانی ستراتیژی گرنگیترینیان:

دەستەی بەڕێوەبردن (ئەنجومەنی بەڕێوەبردن)، سەرۆك، هەیئەی ئیداری، بەڕێوەبەری عەملیات (ئۆپەرەیشن)، بەڕێوەبەری بەشەکان، ئەمانەی سەرەوە پێیان دەگوترێ ستراتیژناس.

١٠- شیکردنەوەی SWOT:

جۆرێکە لە شیکردنەوە بۆ دەرەوە و ناوەوەی ڕێکخراو یان کۆمپانیا، کە تێیدا ڕێکخراوەکە هەموو باشییەکان و خراپییەکان دیاری دەکات، لە ڕێگەی بەهێزی و بێ هێزی، دەرفەت و هەڕەشە، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ شیکردنەوەی ژینگەی کارکردن و دواڕۆژی ڕێکخراوەکە، کە پیتی (S) کورتکراوەی (Strength)ـە و بە مانای بەهێزی دێت. پیتی (W) کورتکراوەی (Weakness)ـە بە مانای بێهێزی دێت. پیتی (O) کورتکراوەی (Opportunity) بە مانای هەلودەرفەت (فرصة) دێت، پیتی (T) کورتکراوەی (Threat) بە مانای هەڕەشە دێت، لێرەدا بە کورتی باسی دەکەین لە بەشەکانی تر بە نموونە باسی کۆشش Swot دەکەین، چونکە کۆڵەکەی پشت ستراتیژییە.

بەشی سێیەم

"ژینگەی کار پڕە لە سەرکێشی... بەڵام
ئەگەر ستراتیژییەکی باشت هەبوو... ئاڵتوون
لە هەموو سەرکێشییەك هەیە".

جۆن بارس

بەشی سێیەم

کاریگەری ژینگەیی لەسەر بەڕێوەبردنی پلانی ستراتیژی

شیکردنەوە و دەستنیشان کردنی ژینگە

١-ژینگە چییە؟

ژینگەی کار بە هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانە دەگوترێت، کە کار دەکەنە سەر ڕێکخراو یان دامەزراوەیەک یان تاکەکەس، بۆیە لە توخمە سەرەکی و بنچینەییەکانی سەرکەوتنی دانانی پلان و ستراتیژی یە، چونکە ئەگەر کەسێک، حزبێک، ڕێکخراوێک، هەستا بە داڕشتنی ستارتیژییەتێک بۆ داهاتووی کارکردنی، پێش هەموشتێک باس لەوە دەکرێ و هەندێ پرسیار دەکرێن. ئایا ئەو پڕۆژەیە لەگەڵ ئەو وڵاتە دەگونجێ؟ باشە تا چەند خەڵک بە هەندی وەردەگرن؟ ئایا ژینگەی ئەو وڵاتە نابێتە ڕێگر لە بەر دەمی، هەڵبەت لێرەدا مەبەست لە ژینگە سروشت نییە وەک لە سەرەوە باسمان کردووە، گۆڕانکاری و پێشهاتن، پێویستە حیساب بۆ ژینگەی گشتی کە پێی دەوترێ (macro environment)و بچووکترین یەکەی ژینگە لە (micro environment) بکرێ، دەکرێ بە جۆرێک ستارتیژییەت دابڕێژین کە

توانای گۆڕین و دەسکاری کردنمان هەبیت، یان ئەوەی پێی دەوترێت (پلانی بی) (Plan B) کە لە بەشەکانی داهاتوودا باسیان دەکەین.

٢-چۆن ستراتیژییەکی سەرکەتوو لەگەڵ ژینگە و دەوروبەرێکی سەرکەوتوو دروست بکەین؟

وەک لە پێشوودا باسمان کرد بۆ دانانی ستراتیژێکی سەرکەوتوو پێویستە تەواوی هەڕەشە و دەرفەت و لایەنی بەهێزی و بێ هێزی ڕێکخراوەکە دیاری بکەین، دەبێت ئەو ستراتیژە لەگەڵ شیکردنەوەی (٧) خاڵ بگونجێ کە پێی دەوترێ (Analysis Pestel) واتا شیکردنەوەی Pestel ، بۆ زانیاری زیاتر ئەوە کورتکراوەی شەش بابەتە دواتر بە درێژی باسی دەکەین، هەروەها شیکەرەوەیەکی گرنگتر کە بۆ بڕیاری زۆر خێرا و یاخود کورتخایەنە ئەویش پێی دەوترێ Swot، ئەویش لایەنی باش و خراپی بۆ دەرکردنی بڕیار یان پڕۆژەکە دیاری دەکەن. ئازیزان هەڵبەتە کە مرۆڤ دەیەوێت و لە توانایدایە پڕۆژەکەی بنووسێتەوە و ئەوەی لە مێشکیدایە بیخاتە سەر کاغەز دەربڕێت. پێویستە لەسەری بۆ ئەوەی تەواو پڕۆژەکەی سەرکەوتوو دروست بێت، یان تێ بگات لەوەی ئایا پڕۆژەکەی تەندروستە؟ ئایا لەگەڵ کات و ساتی ئێستە دەگونجێ؟ ئایا خەڵك تا چەند قبوڵی دەکەن؟ ئایا ئایین و یاسا ڕێگەی دەدەن؟ بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانە پێویستە پڕۆژەکە لەگەڵ نووسینەوەی بەسەر ئەم دوو جۆرەی Pestel و Swot دابەش بکەین و لێرەدا باسیان لێوە دەکەین.

٣-شیکردنەوەی Pestel :

شیکەرەوەیەکی جیهانی و ئەکادیمییە، لە زۆر بوارەکان پشتی پێ دەبەستن، ئەو وشە لێکدراوە لە شەش پیت پێکهاتووە کە ماناکەی:

P: Political سیاسەت

E: Economic ئابووری

S: Social کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە

T: Technologic تەکنەلۆژیا

E: Environment ژینگە و دەوروبەر

L: Legal یاسایی

لە پێش نووسینی پرۆژەکە پێویستە هەر شەشیان حیسابی بۆ کرابێت، بۆ نمونە ئایا ئەو پرۆژەیە لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتی هەرێم گونجاوە؟ ئایا ئابووری وڵات رێگەی داوە و پارە لەو شتانە سەرف بکرێت؟ ئایا کۆمەڵگاکەت دەتوانن هەزمی بکەن و وەریبگرن و گرنگی پێ بدەن؟ ئایا ئەو پرۆژەت کە ستراتیژییە، دەوری تەکنەلۆژیای سەردەمی تێدایە، بۆ نمونە لەگەڵ سەردەم دەگونجێ؟ ئایا لایەنی سیاسی حکوومەتی هەرێم بۆ نمونە یاسای لەم جۆرەی هەیە؟ دەتوانی بە یاسا شتەکان رێک بخەی؟ دواجار ئایا لەدەوروبەرت چەند پرۆژەیەکی تر هەیە و گرنگی بەو

بواره دەدەن؟ ئایا گونجاوە لەم ژینگەیە کار بکەیت؟ بۆیە دەبێت پێش هەموو شتێك بە تەواوی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیەوە ، لێرەدا باسی یەکە بە یەکەیان دەکەین.

١- سیاسەت Political:

سیاسەتی حکوومەتی هەرێم تا چەند ڕێگەی داوە، ئەو جۆرە پڕۆژانە سەر بگرێت، ئایا بە دۆکیومێنت حکومەت پاڵپشتی کردووە، دەبێت پڕۆژەی ستراتیژی لەگەڵ سیاسەتی ئەو وڵات و حکومەتە بگونجێ، بۆ نمونە ناکرێ شتێك بهێنین کە کوردستان هیچ گرنگی پێ نەدات و سوودی بۆ گەلەکەی نەبێت، هەتا ئەگەر پڕۆژەکە زۆر مۆدێرن و نوێ بێت، بۆ نمونە کۆمەڵێ کەس لە کوردستان هەڵدەستن بە کردنەوەی ڕیکخراوێك یان دەزگایەك بۆ پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان لەو خاڵە دەبێت چ بکەن، پێویستە بگەڕێن بە دوای ئەوەی لە کوردستان تا چەند گرنگی بە پرسی گەنج دەدرێت: ئایا حکومەت و سیاسەتی هەرێم تا چەند بە پەرۆشن بۆ ئەوەی گەنجان ببن بە سەرکردە و نەوەی دواڕۆژ؟ دوای ئەوەی کە بۆت ڕۆن بۆوە سیاسەتی حکوومەت و هەرێم و وڵات دەگونجێ لەگەڵ ئەو پڕۆژە ستراتیژییەت، پێویستە بڕیار بدەیت پاشان دەچیتە خاڵی دواتر کە ئابووریيە.

٢-Economic ئابووری:

ئابووریش لایەنێکی تری سەرکەوتنی پڕۆژەن، چونکە پەیوەندی بە هەڵسان و داشکانی بازاڕ و ئابووری وڵات هەیە، لێرەش بە نمونە هەوڵ دەدەم باشتر ڕوونی بکەمەوە. ئەگەر پڕۆژەیەکی ستراتیژیت هەبوو، یان ویستت دەست بکەی بەکارێك دەبێت زۆر گرنگی بە پارە و سەرمایەی کارەکەت بدەیت و بزانیت ئایا ئەو کارە و ئەو پارەت تا چەند بەرگە دەگرن. بۆ نمونە ئەگەر بتەوێ کۆمپانییەك بکەیتەوە لە هەر بوارێك دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەیت ئایا حکومەت و وڵات پارە و بودجە لەو جۆرە کارانە سەرف دەکەن، یان باشە ئەو بزنسەی کە نیازتە بیکەیت سوود بە وڵات دەگەیەنێت، بۆ نمونە من ڕۆژگاری خوێندکاریم پڕۆژەیەکم دروست کرد و نووسیمەوە، کە دروستکردنی کۆمپانیایەکی بواری هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی بوو، لەو بەشە باسم لەوە دەکرد، و بەڵێ مین هەڕەشەیە لەسەر ژیانی خەڵك، لایەنی ئابووری پەکخستووە، کشتوکاڵ و لەوەڕ و گەشتیاری ئەو سێ کەرتەن کە وا بەهۆی بوونی کێڵگەی مین زەرەری زۆریان پێ کەوتووە، کەواتە لێرەدا حکوومەت پارە سەرف دەکا و دەیەوێ بەجدی لەو کێشەیە ڕزگاری ببێت، لە هەمان کاتیش پڕۆژەکەش سەردەگرێ، لەبەر ئەوەی لایەنی ئابووری لەبار بردووە و جگە لەوەش کارێکی ستراتیژ و درێژخایەنە، ئەوەش حیساب بۆ کردنی لایەنی ئابووری بۆ پڕۆژەی ستراتیژی. دوای ئەوە دەبێت حیساب بۆ کۆمەڵگا بکەین.

٣-Social کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا:

لایەنی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگترە لەوانی تر، بۆ؟، لەبەر ئەوەی ئەوەی مرۆڤ دەیکات لە پێناو خزمەتکردنە بە کۆمەڵگا، گەر کۆمەڵگاش نەبێ پڕۆژە و کۆمپانیا و ستراتیژ بوونی نییە، ئەگەر مرۆڤ پڕۆژەکەی خۆی شی بکاتەوە، پێش کردار باشترە لەوەی دواجار نەگاتە هیچ ئامانجێک، هەمان نمونەی پێشووتر دێنمەوە بۆ ئەوەی باشتر لەو بەشە بگەین. ئەو کۆمپانیایەی کە داماننابوو لە بواری هەڵگرتنەوەی مین، ئایا ئێمە حیسابمان بۆ ئەوە کردووە، کە مەترسییە بۆ سەر ژیانی کۆمەڵگە؟ ئایا تاکو ئێستا زەرەری بە کۆمەڵگە گەیاندووە، بەڵێ. کەواتە ئەوەشمان سەرکەتوو بوو. نمونەیەکی تر پڕۆژەیەکت نووسیوەتەوە لە بواری هۆشیارکردنەوە لە نەخۆشی بۆ وێنە (ئایدن)، لەو بەشە دەبێت بڵێین بەڵێ حکوومەت گرنگی بە پڕۆژەکەم دەدا لەبەر ئەوەی ئەوە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی، کەواتە کۆمەڵگا و خەڵک و کۆمەڵایەتی لایەنەکی گرنگن بۆ نووسینەوەی هەر پڕۆژەیەک، کارێک یان دروستکردنی ڕێکخراوێک. دوای ئەوەش دەبێ گرنگی بە تەکنەلۆژیا بدەین.

٤-Technologic تەکنەلۆژیا:

نەوەی نوێ و گرنگی تەکنەلۆژیا، لایەنێکی گرنگە لە پڕۆژە و دروستکردنی کۆمپانیا و ڕێکخراو، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تەکنەلۆژیا کارئاسانی باش بۆ خەڵک دەکات و جگە لەوەش وای لێهاتووە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە بەرفراوان بوونە ئەوا زۆربەی خەڵکی سەرقاڵ کردووە، جا بۆ ئەوەی ئەو هەلە بقۆزیتەوە پێویستە لە هزری خۆتدا بنێی، کە وا من ئەو کارە دەکەم لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم ین بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای سەردەم. چونکە گەر پڕۆژەیەک حیساب بۆ ئەوە نەکات چەند ساڵی تر تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتووتر دەبێت، ئەوە ناتوانێ لە ئان و ساتی دواڕۆژ پڕۆژە و پلان و تاکتیک دابنێی، شیکردنەوەی تەکنەلۆژیا بۆ نمونە: کۆمپانیا یان ڕێکخراو یان حزب و دەسەڵات دەبێت سوود لە تەکنەلۆژیا وەربگرێت، بەدوای نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەمدا بگەڕێن. پەیج و وێبسایت و ئەپلیکەیشن دروست بکا بۆ ئەوەی دەنگی بگات بە هەموو خەڵک. یان ئەگەر کۆمپانیا بێت پیویستە تەواو لەگەڵ تەکنەلۆژیا هاوتەریب بن و دانەبڕێن، پیویستە لەسەر پڕۆژەی ستراتیژی و بەڕێوەبردنی تەکنەلۆژیا لەبیر نەکرێ و کارسیستەمی بێت نەوەک ئەنەلۆگ. جگە لەوەش ئەوەی ئێستا زۆر باوە و تەکنەلۆژیای سەردەم لەوانەیە بۆ چەند ساڵی داهاتوو کاری پی نەکرێت! بۆیە لە بەڕێوەبردنی ستراتیژی و سیاسەتەکەی دەبێت ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەن و دواییش بچنە سەر ژینگـــــــە.

٥-Environment ژینگە و دەوروبەر:

لایەنێکی تری خۆ ئامادەکردنە و شیکردنەوەی دەوروبەری ئیش و پڕۆژەی پێ دەکرێت، وەك بەشەکانی پیشوو تر بە هەمان شێوە کاریگەری خۆی هەیە و بگرە بەرچاو ڕوونییەکی باش دەدات، پڕۆژە و بەڕێوەبردنی ستراتیژی، چونکە لە ڕێگەی ژینگە و دەوروبەر ئەو پێشچاوڕوونییەت دەبێت، چەند پڕۆژەی تری هاوشێوەی پڕۆژەکە هەیە؟ باشە ئەگەر پڕۆژەی تر هەبووە کاریان کردووە؟ بەرهەمیان هەبووە؟ پڕۆژەکانیان چەند درێژەی خایاندووە؟ لە حاڵی ئێستاکە پڕۆژەکە دەنووسرێ؟ لەو ژینگە و دەوروبەرەمان چەند ڕێکخراو و دەزگا یان پڕۆژەی تر بەردەوامن؟ بەو شێوەیە ئەمانە و چەندین پرسیاری تر لەو شیکردنەوەیە بەرجەستە دەبن، مرۆڤی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە تەواو ڕکابەرەکانی دەوروبەری شی بکاتەوە و لە لایەنی بەهێزی و بێ هێزییان بکۆڵیتەوە، بۆ پڕۆژەکەی خۆی لە خاڵە بەهێزەکان سوود وەربگرێ، لە خاڵە بێ هێز و لاوازەکانیش دەرس وپەند وەربگرێ ، چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەمانە و زۆر شتی تر کە لە پڕۆژەی ستراتیژی بە کەڵکمان دێت، دەبێت لە ژینگەی دەوروبەر تێبگەین و ئەو پرسیارانەی سەرەوە و زۆر پرسیاری تر لە خۆمان بکەین دوای ئەوەش دەچینە خاڵی دوای ئەو کە لایەنی یاساییە.

6_ Legal یاسایی:

وەك دەوترێت (یاسا سەروەرە) شتێكیش كە سەروەر بوو دەبێت تەواو حیسابی بۆ بكرێت و زیاتر لێی وردبییەوە و دوای ئەوەی تەواوی خاڵەكانی پێشووترت ئەنجامدا، جا دەگەیە سەر ئەرزی واقع و دەبێت شتەكان زۆر بەجدیتر وەربگرین، پێویستە ئەو پرسیارانە لە خۆمان بكەین باشە پرۆژەكەمان نووسیوە لەگەڵ خاڵەكانی پیشوو تا ئاستێك گونجاو باشە یاسای ئەو وڵاتە و ئەو حكومەتە رێكاری یاسایی چین بۆ پرۆژەیەكی ستراتیژی یان دامەزراندن و بونیاد نانی رێكخراوێك یان دروستكردنی كۆمپانیایەك؟ لایەنی دڵنیایی مرۆڤەكان چین؟ ئایا ئەگەر لە كاتی ئەنجامدانی پرۆژەكە كەسێك تووشی حاڵەتێكی نەخوازراو بوو رێكاری یاسایی چی دەبێت؟ چۆن قەرەبوو دەكرێینەوە ؟ ئەگەر پرۆژەكە بۆ وێنە پرۆژەیەكی چاكسازی بوو دەكرێ و توانای ئەوە هەیە زانیاری لەو حكومەتە بە دەست بخەین؟ دانانی پارێزەر گرنگە یان نا؟ ئەمانە و كۆمەڵێ پرسیاری تر، كە گیروگرفتە یاساییەكە تەواو ڕوون دەكەنەوە، دەبێ تەواو لە بابەتەكە بگەین. ئەوەی گرنگە ئەوەیە دواتر پرۆژەكە و سیاسەتەكەی یاسایی بێت و ، بە بیانووی رێكاری یاسایی كۆسپ و تەگەرە نەخرێتە پێش كاركردن ، ئەوەش گرنگی یاسایی بۆ پرۆژەكە.

کاریگەری ژینگەی ناوەخۆ Internal Environment:

کاریگەرییە دەرەکییەکان بە پلەی یەکەم دێن و کار دەکەنە سەر پلان و ستراتیژی هەر ڕێکخراوێك بەڵام لێرەدا پرسیارێك هەیە ئایا تەنها ژینگەی دەرەوە کاریگەرە؟ واتە ئەو بەشەی پێشووتر کە باسمان کرد(External Environment estle) ؟

لە وەڵامدا نەخێر، بەڵکو ژینگەی ناوەخۆش کاریگەری لەسەر بەرەوپێشچوونی ڕاگرتنی پلانی ستراتیژی هەیە، لێرەدا هەندێ نمونەبە کورتی باس دەکەین، چونکە سەرەتا ڕێکخراو و تاکەکەس یان دەزگاکە پێویستە ناو مالّی خۆی ڕێك بخات لە پاشدا پلان دابڕێژرێت و کاریگەرییە دەرەکییەکان لەبەر چاو بگرێت، لێرەدا دەتوانم ئەو خاڵانەی خوارەوە بەمەترسی دانێم بۆ پلان و کاریگەر دەبن لەسەر هەرەسهێنانی پلانی ستراتیژی لەوانەش :

١. ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی ڕێکخراو یان دەزگا.

٢. کادیر و فەرمانبەری بەتوانا و خاوەن بەهرە.

٣. جۆرەکانی خزمەتگوزاری کە پێشکەش دەکرێت لە لایەن دەزگاکە.

٤. بەکار هێنانی تەکنەلۆژیا لە کاروباری ڕۆژانەی ڕێکخراوەکە.

٥. ڕازی بوونی کڕیار یاخود فێرخوازەکانی بەڕێکخراو.

٦. خزمەتگوزارییەکان لەڕووی چەندێتی و چۆنێتی.

٧. پێگەی ڕێکخراو لە ناو کۆمەڵگا لە ڕووی ئەخلاقی کاردن.

زۆر خاڵی تر کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە لە ژینگەی ناوەخۆ (Internal Environment).

شیکردنەوەی Swot

"ئەگەر تۆ رکابەرەکانت باشتر ناسی لەخۆت، بەرهەمی شەڕکردن لەپێشتردا بڕیاری لەسەر دراوە "

سان تزو

جۆرێکی تر لە شیکردنەوەی دەرەوە و ناوەوەی ڕێکخراو، کە تێیدا هەموو لایەنە باش و خراپەکانی بۆ دەردەکەوێت. ئەوانیش لە پێگەی بەهێزی، بێ هێزی، هەڕەشەوە دەبێت. یارمەتیدەرێکی باشە بۆ شیکردنەوەی ژینگەی کارکردن و دواڕۆژی ڕێکخراوەکە.

که پیتی (S) ئاماژەیە بۆ Strength بەمانای بەهێزی

پیتی (W) ئاماژەیە بۆ Weakness بە مانای بێهێزی

پیتی (O) ئاماژەیە بۆ Opportunity بە مانای هەلو دەرفەت دێت

پیتی (T) ئاماژەیە بۆ Threat بە مانای هەڕەشە دێت

چۆن زانایاری بە دەست بهێنین لەسەر (Swot)؟

گەر پرسیار بکرێت خاڵی بەهێزی چییە؟ بێ هێزی مانای چی دەگەیەنێت؟

ئەو شتانەی دەبنە هۆی بەهێزی چین ئەوانەی دەبنە هۆی بێ هێزی کامانەن . چی دەبێتە هۆکاری دەرفەتی کاری باشتر، ئەو هەڕەشانە چین کە ڕووبەڕووت دەبنەوە؟ چۆن دیاریان بکەم؟ چۆن ببیان ناسمەوە؟

لێرەدا باسێکی کورت لەسەر هەر یەکێکیان دەکەم:

١. **Strength بەهێزی**: ئەو گۆڕانکارییانەی لە پێکهاتەی ناوەوەی ڕێکخراوەکە ڕوو دەدەن و خاڵی ئەرێنین، یان هەر هەڵوێستێکی باش و شیاو و داخوازی لەسەر کە لە ژینگەی لە ڕێکخراوەکە ڕوو دەدەن، وەک:

-کشانەوە و دەرچوونی ڕکابەرە گەورەکان لە بازاڕی کار دا.

-زیادبوونی داخوازی لەسەر کاڵا و بەرهەمەکانت.

-چی باشی تۆیە و لەوانی ترت جیا دەکاتەوە؟

-ئایا لە کام ڕکابەرەکانت باشتری.

-هەر خاڵێکی تری بەهێز کە هەیە.

٢.**Weakness بێهێزی و لاوازی**: ئەمەشیان زیاتر خۆی لە ژینگەی ناوەکی ڕێکخراو یاخود کۆمپانیا دەبێنێتەوە.

-خاڵە لاوازەکانمان چین؟

-دەتوانی چی بەرەو پێشتر ببەی؟

-پێویستە چی نەکەیت تاکو باشتر بڕۆی بە ڕێگادا؟

-هەر خاڵێکی تری لاواز کەوا هەست دەکەی کارەکەتیان لاواز کردووە، پێویستە ئامازەی پێ بکرێت.

٣.**Opportunity هەل یا دەرفەت**: ئەو دەرفەتانەی کە لەژینگەی دەرەوەی کۆمپانیا و ڕێکخراودا هەن، بۆ وێنە:

-دەرفەتی باشتر لە کوێ هەیە؟

-کێ دەتوانێت بەرهەمەکانت زیاتر بکات؟

-ئایا تەکنەلۆژیا و بازارت مۆدێرنە لەگەل ئەوانیتر دا، چۆن وا بکەم دەرفەتی زیاتر بدەم و بازاڕ و ڕێکخراوەکەم بەرەو زیاتر و زۆرتر ببەم؟

-هەر دەرفەتێکی تر کە وا هەست دەکەیت بە کردنی ژیان و پلانی ڕێکخراو دەچێتە پێش، وەك دەرفەتێکی دووبارە نەبووەوە دەیان بینێت.

٤.Threat هەڕەشە: ئەو هەڕەشانە چین لە ژینگەی دەرەوەی کارەکەت؟ وەك نمونەکانی تر دەست دەکەین بە نووسینی یەکە بە یەکەی هەڕەشەکان کە لە سەرت دەبێت. بۆ نمونە:

-بەربەستەکان چین و بەرەو کوێم دەبەن؟

-ڕکابەرەکانم چی دەکەن و ئایا هەڕەشەن لەسەر کاری من؟

- پارە و فەرمانبەرەکانت لە کوێن و لە چ ئاستێك دان؟

-دۆخی ئابووری وڵات.

-هەر شتێکی کە وەك هەڕەشە بن لەسەر کاری بزنسەکەت.

خشتەی Swot

زیان بەخش لاواز – weakness – – –	یارمەتیدەر بەهێز – strength – – –	Internal ژینگەی ناوەوە
هەڕەشە – Threat – – –	هەل و دەرفەت – opportunity – – –	External ژینگەی دەرەوە

لەو خشتەیەی سەرەوە تەواوی خاڵەکان لە خانەی خۆیدا دەنووسین و لەسەر یەك وەرەقە دەبێت و زۆر بە ئاسانی دەتوانی سەیریان بکەیت و بگەیتە ڕێگە چارەیەك.

پاشان کە ئامارەمان بە هەر چوار بەشی Swot کرد، لێرەدا چی بکەین؟ ئایا هەر ئەوەندەمان پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی و شیکردنەوەی کارەکەمان؟

بێگومان نەخێر، لێرەدا بە ڕێگەی ئەو شیکردنەوەیە دەتوانین پلان و ستراتیژییەکی تازە دابڕێژین و بۆ داهاتوو کاری لەسەر بکەین ، یەکەم هەنگاو ئەوەیە خاڵە بە هێزەکان بگۆڕین بۆ دەرفەت، پاشان خاڵە بهێزەکان دژی هەڕەشەکان بەکار بهێنین.

هەروەها دەرفەتەکانت وەک چەکێك بەکار دەهێنیی بۆ دژایەتیکردنی خاڵە لاوازەکان، ئەمەش وا دەکات خاڵی لاواز لە ناو ژینگەی کاردا کەم بکەیتەوە و بەرەو نەمانی ببەیت. لە سەرووی هەمووشیان دەتوانین بە ئاسانتر هەموو هەڕەشەکان لە کارەکەت دوور بخەیتەوە.

باسکردن و شیکردنەوەی Swot تەنها بەو چەند دێرە نابێت، بەڵام من وەک پێداویستییەك بەکارم هێناوە، لە پێناو دانانی ستراتیژێکی گونجا و پڕ دەرفەت و دوور لە هەڕەشە و خاڵی لاواز

بەشی چوارەم

پلانی ستراتیژی

"بێگومان ئێستا لە شوێنێك لە شوێنەکاندا،
کەسێك لە ژێر سێبەری درەختێکدا
دانیشتووە، چونکە مرۆڤێك دەمێکە
دەستپێشخەری کردووە و لەو شوێنەدا
درەختێکی ڕواندووە..."

گرنگی پلان

دەستەی بەڕێوەبەران هەمیشە لەسەر ئەوە کۆکن، کرۆك و پێکهاتەی سەرەکی سەرکەوتنی ڕێکخراوێك یان دەزگایەك بەندە بە بەڕێوەبردنی پلان و ستراتیژییەکی باش و پتەو، وەك هەمیشە ئەوە دەڵێن خەون گەورەیە بەڵام لەوە گەورەتر گەیشتنە بە خەونەکە، بۆیە پلان یان پلانی ستراتیژی یارمەتیدەرێکی دڵنیاکەرەوەیە بۆ کارکردن، چونکە لە ڕێی پلانەوە دەتوانی داهاتووی خۆت ببینی.

هەموو لایەنە باش و خراپەکانی ببینی، لە ئەنجام دڵنیا بی، وا دەکات هێواش هێواش بگەی بەو شوێنەی مەبەستتە. پلان و ستراتیژ کاریگەری باشی دەبێت لەسەر ڕێکخراو و دەزگاکە، بەجۆرێك کە وا ئیش و کارەکانیان بە سیستەم دەکات و پرۆسەی جێبەجێکردن بەرهەم و ئەنجام یەکلا دەکەنەوە، ئەمەش سوودێکی یەکجار باشی دەبێت و دوور کەوتنەوەیە لە بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان بە هەڕەمەکی.

جارێ ئێمە زیاتر مەبەستمان پلانە نەوەکو ستراتیژی. زۆربەی دەزگا و دامەزراوە و کۆمپانیاکان، سالانە هەڵدەستن بە دانان و

داڕشتنی پلانی بەڕێوەبردنی کارەکان، جا هەر یەکە و بەپێی قەبارە و شوێن و ژینگەی کاری خۆی، بەڵام هەموویان دواجار بۆ یەك مەبەست و ئامانج.

هەندێك لەو دامەزراوانە پلانی کورتخایەن دادەڕێژن و هەندێکیان درێژخایەن. کە دواتر باسیان لێوە دەکەین، بە حوکمی ئەوەی کتێبەکەم لەسەر سیاسەتی بەڕێوەبردنی ستراتیژییە، نامەوێ زۆر لە ڕێ لابدەم، گەر بێمە سەر باسی پلان بە تەنیا ئەویش بۆ خۆی گەورەیە و باس و خواس زۆر هەڵدەگرێ. بەڵام ئەوەی گرنگە لای من تیشك خستنەسەر پلان و جۆرەکانییەتی، لەوەش زیاتر کە لام گرنگە پلانی ستراتیژییە.دواتر و باسیان دەکەم.

پێشتر زیاتر بەڵام ئێستە کەمتر پلانی درێژخایەن بەکار دێت. پلانی درێژ خایەن جۆرێکە لە پلان کە وا ساڵێك یان دوو ساڵی داهاتووی کارکردنت بۆ شی دەکاتەوە، لەگەڵ گۆڕانکاری ژینگە و دەوروبەر. ئەوەی من زۆر لام پەسەندە و بە پێویست دەزانم باسکردن و جیاوازی کردنە لە نێوان پلانی ستراتیژی و پلانی درێژ خایەن، هەر بۆیە بە باشی دەزانم یەکسەر بێمە سەر شیکردنەوە و باسکردنی هەردووکیان.

پلانی درێژخایەن چییە؟

پرۆسەیەکە لە لایەن سەرکردە و بەڕێوبەران دادەڕێژرێت، کڕۆکی داڕشتنی ئەو پلانە درێژ خایەنەش ئەوەیە کە دوای ئەو ماوەیە دەیانەوێت دەزگاکەیان یان ڕێکخراوەکەیان بە کوێ بگات و چۆن چۆنی بێت، واتە پرۆسەکە بۆ بینینی دامەزراوەکەیە دوای ماوەی دیاریکراو، وەک چۆن دەڵێن دەیانەوێت بۆ ماوەی ئەوەندە ببینین بەو شتە، یان شێوەی کارکردنمان بەو جۆرە مۆدێلە بێت ، عادەتەن ماوەی پلانی درێژ خایەنیش لە سێ سالْ بۆ پێنج ساڵە.

بە گشتی جەخت لە یەک ئامانجی سەرەکی دەکاتەوە و سالّانەش دەکرێ بە پلانی کورتخایەن پاڵپشتی لە پلانی درێژ خایەن بکەین.

پلانی ستراتیژی چییە؟

پرۆسەیەکە کە لە لایەن سەرکردە و بەڕێوەبەران دادەڕێژرێت، داڕشتنی پلانێکی ستراتیژییە بۆ داهاتوو بە دەستهێنانی ئامانج و ڕێگا و تاکتیک و بەکار هێنان، کۆمەڵێك وەڵامی جیاوازی و تەکنیکی جیاواز بۆ پرسیاری چۆن دەگەین بە ئامانج لە داهاتوودا؟ کەواتە ئەگەر هاتوو پێیان وتین جیاوازی لە نێوان پلانی ستراتیژی و پلانی درێژ خایەن چییە ؟ یان هەندێ جار دەڵێن جا جیاوازی چییە هەردووکیان بۆ ماوەیەکی درێژ خایەنن!

پلانی ستراتیژی زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وا بگات بە ئامانج و ئەو دیدگایەی کە لە داهاتوودا بەنیازە، بەڵام پلانی درێژ خایەن تەنها ئامانجێك دەستنیشان دەکات و بڕیاری لەسەر دەدات، کەواتە پلانی ستراتیژی گرنگترە چونکە بە دەر لە بڕیاردان لە خەون و ئارەزوو و ئامانجی داموەزگا، هەڵدەستێت بە داڕشتنی نەخشەیەکی جوان بۆ گەیشتن بەو خەون و ئامانجە. واتە سیاسەتی بەڕێوەبردنی پلانەکەیە.

یان بە واتایەکی تر پلانی ستراتیژی پلانێکی تۆکمە تڕە و چارەسەری بۆ پێشهاتەکان لایە و تاکتیك و تەکنیکی هەیە، زۆر لۆژیکی و ئەکادیمی تڕە لە پلانی درێژخایەن ، تەنها گرنگی بەوە نادات کە دەڵێ ئامانجم بەدیهێنانی ئەو خەونەیە، بەڵکو ئەو واقیعی تڕە و دەڵێ چۆن و بەچی دەتوانین ئەو خەونەمان بکەین بەڕاستی.

پڕۆسەی پلان دانانی ستراتیژی

ڕێگا و شێوازی جیاوازمان هەیە بۆ هەنگاوەکانی جێبەجێکردن و پڕۆسەی پلانی ستراتیژی بە هەماهەنگی کردن و دانانی ئەرك لەنێوان ستاف کارکردن و ئەنجومەنی کارگێڕی، هەر یەك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی قۆناغەکانی ئەو پڕۆسەیە و هەریەکەیان بە بەرپرسیاری خۆی هەڵدەستێ، جۆری هەنگاوەکان و شیکردنەوەیان لە خوارەوە باس دەکەین. کە لە (١٠) هەنگاوێك پێکهاتوون و دەتوانین هێما بۆ ئەوە بکەین، هەنگاوەکانی ١ تا ٣ پێش کشانەوەی پلانی ستراتیژی ڕوو دەدەن، هەنگاوەکانی ٤ تا ٧ لە کاتی یان لە ماوەی کشانەوە. هەنگاوەکانی ٨ تا ١٠ پاش کشانەوەی ڕوو دەدەن.

ڕەزامەندی و قایل بوون بە پڕۆسەی پلاندانانی ستراتیژی

دوای کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی لەگەڵ هەندێك لە ستاف کاردا قبوڵ دەکرێ و دواتر لەگەڵ هەر یەك لە ئەنجومەنی کارگێڕی و ستاف کارکردن و بۆردی پەیوەندییەکان دەست دەکرێ بە جێبەجێکردن و قبوڵ کردن، کە تێیدا جەخت دەکرێتەوە لەسەر:

-تێگەیشتن لە ستراتیژییەکە و چۆنییەتی جێبەجێکردنی، چۆن دەکرێت بەکردار؟

-تاوتوێکردنی ئامانج و پلانەکان و دانانی پڕۆگرامێك بۆ ئامانجەکان، واتە بە کۆی دەنگ ڕەزامەند بن لەسەر ئەوەی کام ئامانج و ئەرك پێویستە و باشترە، بۆیە پێویستە سیاسەتێکی قوواڵ دابڕێژن و خشتەیەکی وا دروست بکرێت کە وا ئامانج و مەبەستەکانی ئەو دەزگایە یان ئەو ڕێکخراوە دیاری بکات، لە ڕێگەی درەنگ و زووتر. واتە ڕێزبەندییەك بۆ ئامانج و ستراتیژییەکە دابنرێ و دابڕێژرێت. بە جۆرێك ئامانجەکان بەیەکەوە ببەسترێتەوە، واتە بکرێتە دوو بەشی ئامانجی زوو و

ئامانجی دەرەنگ. یەکەمجار هەوڵ بدرێت ئامانجە زووەکان وەدەست بخرێ و هەر ئەو ئامانجەش ببێتە هەوێنێك بۆ وەدەستخستنی ئامانجەکانی تر، واتا ئامانجی دوور.

-قبوولکردن و پەزامەندبوون لەسەر پڕۆژەیەکی ستراتیژی گرنگییەکی نابێت ئەگەر پەزامەندبوون لەسەر تێچووی ئەو پڕۆژە و پلانە ستراتیژییەکە نەبێت. بۆیە لایەنی دارایی گرنگە بۆ پەڕەپێدانی پڕۆژەی ستراتیژی. چونکە پلانی ستراتیژی بە چەند هەنگاو و ئاستەنگ تێپەڕ دەبێت، هەر هەنگاوێك پێویستی بە لایەنی دارایی هەیە و جگە لەوەش دەبێ پلانی دارایی باش هەبێت بۆ کاتی قەیران، جا لەبەر ئەوەیە پارە و لایەنی دارایی بە یەکێك لە کلیلەکانی سەرکەوتنی پلانی ستراتیژی دادەنرێت. دەبێت زۆر بە وردی حسابی بۆ بکرێت.

-دۆخ و کەش و هەوای ڕێکخراوەکە یان کۆمپانیایەکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو پلانە ستراتیژییە و ئەو پلانە درێژخایانەیەی چەند ساڵێك دەخایەنێت، لەبەرئەمە کەش و هەوای ڕێکخراو و یان دامەزراو دەبێت لە حاڵەتێکدا بێت، هەموو دەستەی

کارگێڕی و ستاف کارکردن پەرزامەند بن و بڵێن "بەڵێ ئامادەین".

خوێندنەوەیەک بۆ ژینگە

تێگەیشتن و خوێندنەوەیەك بۆ ژینگەی دەوروبەر و کاریگەری لەسەر دامەزراو و پڕۆژەکە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت، بۆ وەڵامی پرسیارێك دەبێت، ئەویش ئەوەیە چۆن خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ژینگەی دەرەوە، پشکنین و بەدواداچوون بۆ کەش و هەوا و ژینگەی کارکردن بە گشتی و زۆربەی کات بۆ ڕووی دەرەوە دەکرێت، بۆ خوێندنەوەی ڕکابەرەکانت، پڕۆژەکانی تر، دەرفەت، بەڵام خوێندنەوەی ناوەوەش زۆربەی کات بۆ خۆ بەهێزکردن و دیاریکردنی خاڵی لاواز ئەنجام دەدرێت، ئەو پڕۆسەیەش لە بەشی پێشووتردا باسمان کردووە کە پێی دەوترێ شیکەرەوەی Swot کە یارمەتیدەرێکی زۆر باشە بۆ پشکنینی دەوروبەر و ژینگەکەت.

ئامۆژگاری دووەم لە دە هەنگاوەکەی پرۆسەی پلانی ستراتیژیدا کە بریتییە لە خوێندنەوە بۆ ژینگەی دەروبەر لە بەشی پێشووتردا بە تەواوی و بە درێژی باسم لێوە کردووە، بۆیە پێویستە ناکات دووبارەی بکەمەوە. تێبینی: سەیری شیکەرەوەی Swot و شیکەرەوەی Pestel بکە.

ئایا پلانی ستراتیژی پڕۆسەیەکی ئەکادیمییە؟

پلانی ستراتیژی کردارێکە ئەنجام دەدرێت لە کۆمپانیا و دامەزراوەکان لەم جیهانەدا. بەو مانایە نایەت کە وا تۆ لە وڵاتێکی نووستوو دەژیت و پێوستت بە پلانی ستراتیژی نییە !

زۆرێک لە بازرگانەکان یان بازرگانە سەرکەوتووەکان کە ئەزموونی کاریان هەیە لە بازرگانی کردن بەڵام توانای نووسین و خوێندنیان نییە، بە جۆرێك کە وا پلانی ستراتیژی ئەنجام بدەن بەشێوەیەکی ئەکادیمی، بەڵام ئەو بازرگانانە زۆر بەچاکی ئامانجیان دەناسنەوە و پێداویستییەکانیان ئامادە دەکەن و باش لە ژینگەی کار و ڕکابەرەکانیان تێدەگەن، بەڵام ئەمانە هەمووی شێوازی بیرکردنەوەیە و بازرگان بەگوێرەی ئەزموون فێری بوون. لەوانەیە پڕۆسەی پلانی ستراتیژی بۆ هەندێ کەس و هەندێك دامەزراوە تۆزێك ئاڵۆز بێت، جاری واش هەیە تۆ کەسێکی ئەکادیمی بەڵام لەوانەیە ئەزموونێکی باشت نەبێت، لە ژینگەی کارکردن، هەندێك کۆمپانیا و دامەزراو بۆ ماوەیەکی کورت توانای ڕکابەری بازاڕ و ژینگەی کاریان هەیە هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، بە ناچاری دەبێت دەست لە کارەکەیان

هەڵگرن، هەر کارێك لەم گەردوونە پێویستی بە پلان و پلانی ستراتیژی هەیە، بۆ؟ نموونەیەکی سادە و ساکار، کەسێك دێت و قاوەخانەیەکی ئینتەرنێت دەکاتەوە، بۆ ماوەیەك ئیش دەکات و بەڵام ئەو کەسە هەرگیز پلانی درێژ خایەنی نەبووە، بۆ نمونە پێویستە بیری لەوە بکردایە ، رۆژگارێك دێت و هێڵی ئەنتەرنێت هەرزانتر دەبێت و دەچێتە کوچە و کۆڵانی شار و ناو ماڵەکان، لەوانەیە ئیتر پێویست نەکات خەڵك بچنە ناو قاوەخانەکەی ئەو. هەر لەبەر ئەمەیە کەسی خاوەن بیرۆکە پێویستە پلانی بۆ کارەکەی هەبێت و پلانی درێژخایەنی هەبێت بۆ دوای کارەکەی خۆی. دەبێت ئەوە بزانێت کە کرداری ئەنجام دانی پلانی ستراتیژی کردارێکی ئەکادیمییە و ژینگە و ڕکابەر و داهاتووی کارەکەت بۆ جوانتر و ڕوونتر شی دەکاتەوە.

گرنگی پلانی ستراتیژی چییە بۆ پرۆژەی نوێ؟

تۆ خەریکی کردنەوەی پرۆژەیەکی نوێی، بۆچی پێویستە تێبینی و پەراوێزێکت لەژێر دەست هەبێت سەبارەت بە پلانی ستراتیژی؟

بەڵێ زۆر پێویستە، چونکە ئەگەر لێکۆڵینەوەت نەکردبێت لەسەر ژینگەی دەوروبەرت، ڕکابەرەکانت دەناسیت؟ جۆرایەتی و چەندایەتی و کرێکارەکان یان فەرمانبەرەکانت ئەزانی؟ چۆن خۆت ئامادە دەکەی بۆ هەر هەڕەشەیەک؟ یان بۆ هەر گۆڕانکارییەک کە لە ژینگەی کارەکە گۆڕا؟ هەندێک لە گرنگییەکان:

١-بۆ زانین و ڕێکخستنی پرۆژەکەت بۆ ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووت دەبنەوە، لە ڕووی نەفەر و فرۆشتن و خزمەتگوزارییەکانت.

٢-بۆ ئەوەی نەزانی سالّی داهاتوو چی بکەی؟ چی زیاد بکەی؟ ئایا ئەوەی لە سالّی پێشوودا کردووتە بێ کەم و کوڕی بووە و

پێویست بە گۆڕانکاری ناکات، ئایا پێویست ناکات سیستەمی کارەکان بگۆڕم.

٣-بۆ زانینی ناسینی هاوشێوەی کارەکان لە ناوچەکە و لێکۆڵینەوە لەسەریان.

٤-بۆ ڕیزکردنی کارەکان و دانانی کاری لە پێشینەکان.

ئەگەر هیچ زانیارییەکت دەست نەکەوت لەسەر ژینگەی کار بۆ ئەوەی پلانی ستراتیژییەکەمان جێبەجێ بکەین!

بەڵێ زۆر ئاساییە، مرۆڤ ئەگەر هیچ زانیارییەکی دەست نەکەوت بۆ جێبەجێکردن پلان بۆ داهاتووی کارەکەی دەتوانێ پێشبینی بکات؟ چۆن؟ بۆ نمونە بەیانی لە ماڵ دێیتە دەرەوە ڕێ دەگریتە بەر بۆ سەر کار. پێشبینی ئەوە دەکەی بمریت. یان ئەگەر تووشی کارەساتی ئۆتۆمبێل بیت و بریندار بی، یان دەتەوێ بۆ شارێکی تر سەفەربکەیت، یەکسەر دەست دەکەیە مۆبایلەکەت و دەگەڕێی بزانی کەشو هەوای ئەو ڕۆژەی کە سەفەرەکەی دەکەی چۆنە؟ بۆیە لە پێشبینی کەشو هەوا ڕۆژێکی گونجاو هەڵدەبژێری بۆ سەفەرەکەت.

له کۆتاییدا پلانی ستراتیژی پۆستەرێك یان لافیتەیەك نییە لە هەموو شوێنێك هەڵی بواسی بڵێی (دامەزراوەکەمان لەو بوارە کار دەکات، ئامانجمان ئەوەیە، هەوڵ دەدەین بۆ ئەو شت)، یان لەوانەیە ئەو شتانە بنووسی بەڵام تەنها لای خۆتان هەڵی بواسی، بۆیە تاکە ڕێگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دواڕۆژت جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژییە.

چۆن دەست بکەین بە نووسینی پلانی ستراتیژی؟

پلان بۆ پلان، لەم بەشەدا تیشکی دەخەینە سەر، ڕووێکی گرنگی بەڕێوەبردنی پلانی ستراتیژی و لە ماوەی ڕابردوودا باسمان لە ستراتیژی و پلان کرد و ئامۆژگاریمان وەرگرت و ئاشنا بووین لەگەڵ بەشەکانی ستراتیژی، لێرەدا و لەو بەشەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە (چۆن دەست بکەین بە نووسینی پلانی ستراتیژی؟) واتە ئێمە گەر بمانەوێت پڕۆژەیەکی ستراتیژی بنووسینەوە، چۆن و کەی دەست پێ بکەین، ئەو هەنگاوانە چین کە سەرەتای دەست پێ کردن پێویستە بەهەندیان وەربگرین، لە ڕووی سیستەمی بەڕێوەبردنەوە چی بکەین، تا بتوانین پڕۆژەیەکی ناوازە بنووسینەوە و لۆژیکی تێدا بێت. پلاندانەر نابێت بە شێوەیەك بێت وەك چوون بۆ سەیران، بێ ئەوەی شارەزاییت هەبێت لە ڕێگاو بانی ئەو شوێنەی بۆی دەچیت. یان هیچ نەخشەیەکت لا نەبێت وەك ڕێنامەیەك بتوانین بگەیتە شوێنی مەبەست، واتا ناکرێ بەبێ بەرنامە و ئامانج دەست بکەین بە کارکردن و سەفەر کردن و یان هەر ئیشێك، پلاندانەری زیرەك و بلیمەت ئەو کەسەیە کە خەیاڵی گەورەی خۆی بخاتە سەر کاغەز و ڕێگاکانی بنووسێتەوە و هەرچی

زووتره هەوڵ بدات بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی هەیەتی، ئەو خەونە و خەیاڵەی کە پلاندانەرەکە هەیەتی، لە ئەرك و بینیەوە دەست پێ دەکات، لە خوارەوە ئاماژە بەم خاڵانە دەکەین یان ئەو پرسیارانەی کە هەنگاوەکانی پلان بۆ پلانێك، چاکتر بڵێین نەخشەدانان بۆ ئەو پلانەی کە دەمانەوێت وەدەستی بخەین:

١-ئایا ئێمە بەڕاستی ئامادەین بۆ پلانی ستراتیژی؟

-باشە ئەو دەزگایە یان کۆمپانیایە دوای نووسینی پلانی ستراتیژی پارەی تەواوی هەیە بەلایەنی کەم بۆ سێ مانگی داهاتوو.

-ئایا ئەو دەزگایە خاوەنی هیچ مێژوویەکە لە بواری جێبەجێکردنی پلان و ستراتیژییەت؟ یان چاکترە بڵێین ئایا هیچ ئەزموونێکی هاوشێوەیان هەیە لە ماوەی ڕابردوودا، ئەگەر هەبووە کەواتە پێویستە سەرکردەیەکی بلیمەت و خاوەن ئەزموون دەست بکا بە سەرکردایەتی کردن و نووسینەوەی پلانەکە.

-یەك بە یەکی ئەندامانی بۆردەکە بەشدارن لەو پرۆژەیە؟ چونکە دروستکردنی تیم و گرووپ بۆ نووسینەوەی پلانی ستراتیژی زۆر گرنگە، چونکە کۆی بۆچوونەکان شتێکی نایاب و ناوازەی لێ دەردەچێت.

٢-کێن لیژنە پلاندانان؟

هەڵبژادنی و دەستنیشان کردنی ئەندامانی لیژنە خاڵێکی تری زۆر گرنگە لە پرۆسەی بەر لە دەسپێك و پاش دەسپێك، بۆیە لیژنەی پلاندانان بە لایەنی کەمەوە دەبێت ئەمانەی خوارەوەی تێدا بێت:

-سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی.

-بەڕێوەبەری جێبەجێکار.

-سەرکردەیەکی بلیمەت و شارەزا لە زۆربەی بوارەکان.

-کەسێك کە ئەزموونی باشی هەبێت لە پرۆسەی پلانی ستراتیژییەت.

٣-ئێمە بۆچی پلانی ستیراتیژی دابنێین؟

زۆر هۆکار هەن بۆ دەزگا و کۆمپانیا، پێویستە پالنەری ستراتیژییان هەبێت. بۆ نمونە:

-ئایندەی سالّی داهاتووت بۆ ڕوونتر دەبێتەوە و ئامانجت ون نابێت.

-نووسینەوە و داڕشتنی پلانێکی سەرکەوتوو وا لە دەزگا و کۆمپانیاکە دەکات بۆ سالّانی داهاتوو ئامانج و بەرهەمێکی جیاوزتر و باشتریان هەبێت.

-شیکردنەوەیەکی تەواو بۆ دەوروبەرت دەکەیت و حسابیان بۆ دەکەیت ئەمەش دەکەوێتە قالّبی پێشکەوتن و هەوڵدانی زیاتر.

-ڕەش و سپیت بۆ دەردەکەوێت ڕێگاکانی گەیشتن بە خەون و ئامانج شی دەکاتەوە و ئەوەی دەمێنێت ئەوەیە چۆن دەست پێ بکەین.

٤-ماوە و مەودای پلان چییە؟

-زۆر لە سەرکردەکانو دەستەی بەڕێوەبەران دەڵێن گەر دەزگاکە یان کۆمپانیاکە تازە بوو، پێویستە پلانی درێژ خایەنی هەبێت لە جیاتی پلانی ستراتیژی.

-بەڵام باشتر لە هەموویان دانانی پلانێکی ستراتیژییە، جیاوازتر لە هەندێك هەنگاوەکان لەبەر تازەیی ئەو هەنگاوە یان ئەگەر هاتوو ئەو ژینگەی کارکردنە جێگیر نەبوو پێویستە لە هەنگاوی جێبەجێکردنی نووسینەوەی پڕۆژەی ستراتیژیدا هەندێ لە تاکتیك و شیوازی بەڕێوەبردنی جیاوازتر بکەین، بەڵام بۆ تەنها یەك ئامانج بێت و نەگۆڕێت.

-بە گشتی لەبەر گۆڕانی کەشو هەوای دەرەوەی دەزگاکە یان کۆمپانیاکە پێویستە ستراتیژێکی درێژ خایەنمان هەبێت کە ماوەکەی لە نێوان(٢ - ٣)سالٌ بێت، واتا وەرزی پلانەکەمان لە دوو سالٌ تاکوو سێ سالٌ بێت.

-سەبارەت بە دانانی ستراتیژ باشترین ڕێگا نووسینەوەی پڕۆژەیەکی ستراتیژییە، بەڵام لە ناویاندا دابەش بکرێت بەسەر

چـــەند پلانێکـــی درێـــژ خایـــەن و ســـاڵانەش کـــرداری جێبەجێکردنەکـەی لەگـەڵ ژینگـە و ڕکابـەرەکانی دەوروبـەر بگونجێنرێت.

٥-چ جۆرە مۆدێلێک لە پلانداناں بەکار بهێنین؟

پلانداناـر هەڵەیـەکی زۆر گـەورە دەکـات ئەگـەر خـەیاڵێکی زۆر گەورە بکات و پلانی لەسەر دابڕێژێت، دیارە هەر خەیاڵە دەبیتە واقیع، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو خەیاڵە لۆژیکیانـە بێت. واتـا بـە کوردی (ڕێی تـێ بچـێت) و بتوانرێت وەدەست بهێنرێت، بۆیـە باشترین جۆری مۆدێلی پلانانداناں ئەو پلانەیە کـە لـە واقیعـەوە نزیـک بێـت، ئامانجەکـەش ڕوون و ئاشـکرا بێـت، مانـای ئەوەیـە پلانی ستراتیژی نابێت لەسـەر ئەبنـەمای خـەونو خـەیاڵێک بێـت کە لە واقع بوونی نەبێت!

٦-خشتەی بەرەوپێشچوونی پلانەکەمان چییە؟

هەر دەزگایـەک و کۆمپانیایـەک شـێواز و خشـتەی پـلان و کـاری خۆی هەیـە، پلاندانـەرەکان شـێوازی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، وەک چۆن هەر پلاندانەرێک لە شوێنی کـارکردن بـە باشـی بگـات

بەڵام هەڵبەت پلاندانان و ستراتیژ هەر ئەمە.نییە کەی بە مێشکی مرۆڤدا هات دەست بکات بە داڕشتن! بەڵکو کات و ساتی خۆی هەیە و دەبێت ئامانجێکمان هەبێت، زۆربەی قسەکان بەرەوپێشچوونی پلان کراون باس لە خشتەی بەرەوپێشوون دەکەن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

-عادەتەن، باشترین سات و کات بۆ دەست پێ کردنی پلانی ستراتیژی لە ناوەڕاستی سالّدایە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی تۆ لەناوەڕاستی سالّدا گەر بتەوێ پلان دابنێی ئەوە تەواوی بودجە و بەرهەمەکانی ئەو چەند مانگەت لەژێر دەستە، کە وا بوو دەبێتە دەرسێکی باش کە لەماوەی ڕابردوو ئەو پلانەی دانراوە ئەو بەرهەمەی نەبوو کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد، ئەوە لە پلانی سالّی داهاتوو دەبێت چارەسەری خالّە لاوازەکانی بکرێت، ئەگەر بەرهەم و کارەکانیش لە چەند مانگی ڕابردوو باش بوون، ئەوە بە هەمان شێوە بۆ پلانی سالّی ئایندە پەرەی پی بدرێت و بەڵکو باشتریش بێت.

-جگە لەوەش لە ناوەڕاستی سالّدا پێویستە چەندان لێکۆڵینەوە کرابێت لەسەر ژینگە و ڕکابەرەکانی کار و

چارەسەری خاڵە لاوازەکان. وا باشترە چەندین لێکۆڵینەوەی بچووک بکرێت لەوەی لێکۆڵینەوەیەکی گەورە بکرێت بۆ تەواوی ساڵ.

-بۆ دەزگا و کۆمپانیای بچووک پێویستە چەند مانگ جارێک چاوخشاندن بکرێت بۆ تەواوی پڕۆژەی پلانی ستراتیژی، بۆ ئەوەی لە ناو ئەو کەشو هەوایەدا خۆی ون نەکات.

٧- کێ بەشداری بکات؟ چۆن؟ کەی؟

لە خاڵی دووەمدا زۆر بە تێروتەسەلی باسمان لێوە کردووە،سەبارەت بە لێژنەی ئامادەکردنی پڕۆژە و پلانی ستراتیژی، بەگشتی ئەمانە بەشداری دەکەن:

-ئەوانەی دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەیە، دەکرێ و باشە بن بە بەشدار بوو لە پڕۆسەی بەڕێوەبردنی ستراتیژ.

-ئەوانەی لە پڕۆژەی هاوشێوەی ئەم پڕۆسەیە لە ماوەی ڕابردوودا بەشداربوون.

-ئەگەر پڕۆژەکە بۆ بەرهەم هێنان و کۆمپانیا بوو، ئەوە پێویستە کەسانێك بەشدار بن کە وا ئەزموونیان لە مارکیتینگ و بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاریشدا هەبێت، بەلام ئەگەر پڕۆژەکە تایبەت بێت بە وڵات و کۆمەڵگە ئەوە پێویستە کەسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری تێیدا بەشدار بن.

-زیاتر ئەو کەسانە بەشدار بن کە پیوەندییەکی ڕاستەخۆیان بەو دەزگایە یان کۆمپنیایەدا هەیە، چونکە دەبێت کەسی بەشدار بوو خاڵە لاوازەکان و بەهێزەکانی ئەو دەزگایە بزانیت بۆ ئەوەی بە دروستی کاریان لەسەر بکات

٨-کێ لە دەرەوەی ئەو پرسە بێت باشترە؟

-کەسانێك ئەزموونی هاوشێوەیان نەبێت.

-ئەوانەی باوەڕیان بە بەرنامە و پلان نییە.

-ئەو کەسانەی دڵسۆز نین و هەرگیز پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵات دڵخۆشیان ناکات.

-کەسانێك تێگەیشتوو و پێگەیشتوو نەبن.

-مرۆڤی عەقڵ نەخۆش.

٩-کەرستە و پێداویستییەکان بۆ ئەو پرۆسەیە:

دیارە ئەم بەشە لەوانەیە کەمتر گرنگی پێ بدرێت لە وڵاتی خۆماندا، دیارە ئیدارەدان و دابینکردنی پێداویستییەکان بەشێکی گرنگی پرۆسەی بەڕیوەبردنی ستراتیژین، کەرستە پێداویستییەکان:

-سەرچاوە و کتێبی بە سوود لەسەر پلانی ستراتیژی.

-پێداویستییەکانی نووسین و وایت بۆرد و ماجیک، سلایت شۆ.

-دابینکردنی ژووری گەورە و یان ژووری کۆبوونەوە و کۆنفرانس.

-ئیتر پێداویستی زۆرن گرنگتر لە هەموویان دابینکردنیەتی.

١٠-ناونیشان دانان بۆ ستراتیژەکە:

دیارە ئەوەش بەپێی ئیشوکاری ئەو شوێنە دەگۆڕێت بەڵام هەندێك ناولێنان لەوانەیە گرووتینێکی زیاتر بدات بە پرۆژەکە وا لە ئەندامانی بەشدار بوو بکات، زیاتر و بە پەرۆشتر بن، ببێتە

سەرچاوەیەکی وزە بۆ گەیشتن بە ئامانج. جا لێرەدا دەکرێ تۆ بۆ پرۆژەکەت هەر ناوێ هەبێ دایبنێی. بەڵام ئەگەر ئەو ناونیشانانەت لەگەڵ دانان جۆرێکی تر دەبێت:

١–ئامانج و خەونی ئێمە.

٢–کۆمپانیامان بۆ پێنج ساڵی داهاتوو.

٣–خەونمان دێتە دی.

٤–دیدگای کۆمپانیا بۆ ساڵی ٢٠١٩.

ئیتر ئەمانە و بە دەیان ناونیشانی تر کە بەپیی شوێنی کارکردنەکە و خەونی ئەو شوێنە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

١١–چۆن پلاندانەر و ئەندامانمان فێر بکەین؟

دەبێ تەواوی ئەندامانی بەشدار بوو لە پرۆژەی بەڕێوەبردنی پلانی ستراتیژی متمانەیان بە یەکتر هەبێ و نهێنی ئەو پرۆژە باس بکەن. واتا دەبێ نهێنی پارێز بن و نابێ پلان و تاکتیک و ئامانجی ئەو دەزگایە یان کۆمپانیایە ببەنە دەرەوە، چونکە ئەوە مەترسیدارترین شتە کە تەواوی پلان و ستراتیژەکە

فەشەل بهێنێت، چونکە پڕۆژەی ستراتیژی بەندە بە داهاتووی ئەو شوێنە، جا بردن و درکاندنی هەر وشەیەك وا دەکات منافس و پێشبڕکێکارەکانی دەوروبەر دەست بکەن بە شێوازی مۆدێلی جیاوازی و ئاستەنگ بۆ پڕۆژە کەشفبووەکە دروست بکەن! بەزۆری ئەمانە باس نەکرێن هەرگیز:

-ناو و ئامانجی پڕۆژەکە.

-پلان و جۆری پلانەکە.

-خشتە و کات و ساتی جێبەجێکردن.

-بڕگە سەرەکییەکانی پڕۆژەکە.

-بڕیاردان لەسەر دروستکردن و تەواوبوونی پڕۆژەکە.

-پارێزیگاریکردن لە ناوی ئەندامان و داڕێژەرانی پلانی ستراتیژی.

بەشی پێنجەم

"یەك كاتژمێر پلان، دەتوانێ لەدە
كاتژمێری كرداریت ڕزگار بكات"

"دیل كارینگی"

بەشی پێنجەم

کارنامە و پەیڕەونامەی پلانی ستراتیژی

لەم بەشەدا ناوم لێناوە کارنامە و پەیڕەونامەی پلانی ستراتیژی. هەوڵم داوە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی پلانی ستراتیژی بخەمە ڕوو بۆ مامۆستاکان، مەشقەوەرەکان، بۆ ئەوەی خوێندکاران و فێرخوازانی کوردستان بێبەش نەبن لە پلانی ستراتیژی. بۆیە ئەم کارنامە دەتوانرێ وەک مەنهەجێک لە خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکانی کوردستان ڕاهێنانی لەسەر بکرێ و تاکی کوردستانی ئاشنا بکرێ بە ستراتیژ و چۆنیەتی داڕشتنی پلانی ستراتیژی. بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگایەک خوێندکارانی داهاتوومان سوودی لێ وەرگرن ببێتە پەیڕەو نامەیەک ڕۆڵەکانی سوودی لێ وەرگرن، هەڵبەت ئەوەی من "مشتێکە لە خەروارێک"، بەڵام ئەم بەشەم بۆ کەسانێکی بەهرەمەند نووسیوە، کە مێشک و هزریان گەورەیە و هەمیشە لە داهاتوو دەڕوانن و بیر و خەیاڵیان دوور بینە، جگە لەوەش هیوادارم کەسانی پڕۆفیشناڵتر لە من بابەت و خوولی بەهێز بکەنەوە. بۆ ئەوەی ئێمەش فێربین بۆ داهاتوو کار بکەین و کاروباری وڵاتمان بە پلان بێت، ستراتیژ بکەینە ئامانج بۆ

چارەسەرکردنی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان، بفەرموون چۆنیەتی داڕشتنی پلانی ستراتیژی وەک کارنامەیەک دەخەمە بەر دەستی ئێوە، دوایی تەواوکردنی ئەم بەشە تۆی بەڕێز دەتوانی هەنگاو بە هەنگاو دەست بکەی بە هەر پڕۆژەیەک کە لەناو کارێکدایە، بیخەیتە سەر کاغەز و بیکەی بە ئەرزی واقیع، یان هیچ نەبێ بەرنامەیەک بۆ دواڕۆژت دابنێی بۆ وێنە دەتەوێت و نیازت وایە لە داهاتوو هەندێک شت بکەیت و پێیان بگەیت. باشە ئەوە تەنها لە پێشەکیدا چی دەبێت ئەگەر لە ڕاستی نزیک بکرێتەوە بێگومان زیاتر بەرجەستە دەبێت. زیاتر لە واقع نزیک دەبێتەوە. ئیتر ئەوە خۆت سەرپشکی چی و چۆن و کەی دەتەوێ پلانێکی ستراتیژی بۆ کاروبار و خەون و بزنسی و ڕێکخراوەکەت دابڕێژی.

با دەست بکەین بە هەنگاوەکانی ئەو کارنامەیە:_

_ مۆدێلی پلانی ستراتیژی:



بەرنامەی خوێندنی پلانی ستراتیژی

ڕێکخستن:

١–ناوەڕۆك: ئەم شتانە ئامادە و جێبەجێ بكە:

–کێ پێویستە لە تیمی پلاندانان بێت.

–یەك بە یەکیان بناسێنە و تەعارفیان پێ بكە.

–ئامادەیان بكە بۆ خەملّاندن.

٢–ئامانج: بەشداربووان پێویستە ببنە ڕێگا نیشاندەرێك بۆ پرۆسە و خوێندنی پلانی ستراتیژی.

٣–ئەرکی سەرشانی بەرپرسیارێتی:

–دەستنیشانی تیمی ئامادەبوو بكە.

–ئامادەیان بكە و ئەرکیان پێ بسپێرە بۆ هەنگاوی داهاتوو.

دەستپێکردن:

١–ناوەڕۆك: پلانی ستراتیژی چییە؟ بۆ پێویستە ئەنجامی بدەین؟

–بۆ گرنگە بۆ وڵات؟

–چی دەست دەهێنیت بە پلانی ستراتیژی؟

٢-ئامانج: مەبەست و نیازت لەو ستراتیژە تەواو ڕوون بکەوە.
-گرنگترین بەشەکانی پلانی ستراتیژی دیاری بکە کە لە پڕۆسەکەدا سوودیان دەبێت.
-ڕوونی بکەرەوە گرنگترین بە دەست هێنانەکانی ئەو پڕۆژەیە.
-بۆیان شی بکەوە بۆ پێویستە پلانی ستراتیژی لە ئەولەوییەتی کارەکانی دەزگا و کۆمپانیاکەتان بێت.
٣-ئەرکی سەرشان و بەرپرسیارێتی: لەگەڵ ئەندامانی تیم و ئەوانەی ئەرکیان پێ سپێردراوە باسی ئەمانە بکە:
-خاڵە لاوازەکان و خاڵە بەهێزەکان پێ دەستنیشان بکە.
-ژینگەی ئێستای دەوروبەر شی بکەرەوە.
-بەربەستەکان و ئاستەنگەکان دیاری بکەن.

<u>خەملاندنی بارودۆخی هەنووکەیی:</u>

١-ناوەڕۆک:

-چۆن دەست پێ بکەین و ئەنجامی بدەین.

-گونجاندن لەگەڵ ژینگە و قەیرانەکان.

-نرخ و ئامانج و دیدگا.

-شی کردنەوەی سوات Swot.

٢-ئامانج: دابینکردنی پڕۆسەیەك بۆ دروستکردن و دەست پێکردنی پلانی ستراتیژی.

-پێداویستییەکان دابین بکەن.

٣-ئەرکی سەرشان و بەرپرسیاریەتی:

-لەگەڵ هاوکارانت پەیوەندی بەهێز بکەن و هەوڵی گۆڕینەوەی زانیاری بدەن.

-پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ ببەستە.

-کۆکردنەوەی زانیاری.

-شیکردنەوەی زانیارییەکان کە لە Swot بە دەست هاتووە.

گەشەپێکردن و بەرەو پێشچوونی پلان:

-ناوەڕۆك:

-لێکۆڵینەوە لە داتا و زانیاری.

-دیاریکردنی شتە هەرە لەپێشەکان.

-بەرەوپێشبردنی ئامانج و مەبەست.

٢-ئامانج: ئایا ئێستا لە کوێن و چۆن بەرەو پێشی ببەین.

٣-ئەرکی سەرشان و بەرپرسیاریەتی:

-هەموویان دەوریان باشە.

-هەڵسان بە کار و چالاکییەکان.

-جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشان.

ئاماده‌کاری بۆ پلانی ستراتیژی:

چی ده‌بینی وه‌ك به‌ربه‌ستێك؟

به‌ربه‌سته‌کان له‌به‌رده‌م پلانی ستراتیژی

به‌ربه‌سته‌کانی پلانی ستراتیژی	ڕێگا بتوانرێت چاره‌سه‌ر بکرێت

له‌و خشته‌ی سه‌ره‌وه به‌ربه‌سته‌کان بنووسه و بۆچوونی جیاواز وه‌رگره له‌سه‌ر ڕێگایه‌ك بۆ چاره‌سه‌رکردن. واته کام ڕێگا به گونجاوتر و شیاوتر دانرا هه‌ڵبژێردرێت.

پێشبینی چ سوود و خێرێک دەکەی لەو پڕۆژە و پلانە ستراتیژییە؟

سوودەکان بنووسە، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کە پێشبینی دەکەن لەو پلانە ستراتیژییە وەدەست بێت.

سوود و خێر	ڕێگا بۆ بەدەست هێنان

لەو قسەیەش بۆچوونی هەموو لایەک وەردەگیرێت، لە خانەی یەکەم دەنووسرێ خێر و سوودەکانمان لە خانەی بەرانبەری ئەو ڕێگایانە بنووسە کە دەتوانرێ لە ڕێگەیەوە بە دەست بێت.

پێشبینی چەند تێچوو و پارەکەی بۆ تەواوکردنی پلانی ستراتیژی؟

بەها و تێچوونی بنووسە، کە چاوەڕێی دەکرێ بۆ تەواوکردنی ئەو ستراتیژە سەرف بکرێ.

تێچووی چاوەڕوانکراو	ڕێگایەک بۆ بەڕێوەبردنی ئەم تێچووە

بە هەمان شێوە ئەوانەی تر بۆچوونی هەموو لایەک وەربگیردرێ و تێچوونی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان بنووسن، ڕێگایەک بنووسرێت و ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بەڕێوەی ببات و خەرجییەکان بکات.

پێویستە بەردەوام بین لەسەر بەڕێوەبردنی پلانی ستراتیژی.

خشتەیەکی هاوشێوەی خوارەوە دروست دەکەین و پرسیارەکان دەنووسین، لە بەرانبەریدا بە بەڵێ و نەخێر وەڵام دەدەینەوە، ئەگەر نەخێر بێت دەبێ وەڵامێکی لۆژیکانە بنووسین لە خانەی کۆتایی، چی بکرێ باشە بۆ ئەوەی ئەو (نەخێرە) نەهێڵین.

	بەڵێ	نەخێر	
١-ئێمە دەزگایەکی بێ ڕکابەرین.			
٢-بەم پڕۆژەیە تەواو پێش دەکەوین.			
٣- بۆ ئەو پلانەسەرچاوە و کەسی باشمان هەیە.			
٤-چارەی خەملێندراومان هەیە بۆ ئەو پلانە.			
٥-کاتێکی گونجاوە و شیاوە بۆ دارشتنی پلانەکەمان.			
٦-پێداویستییە سەرەتاییەکانمان ئامادەیە. ٧-تیمەکان ئامادەیە و دەستەی بەڕێوبەرایەتی ئامادەن بۆ دەست پێ کردنی پڕۆژەی پلانی ستراتیژی.			

٨-دڵنیاین که وا ئەو پلانە ستراتیژییە سەرکەوتوو دەبێت.			

هەموو ئەو پرسیار و خشتە و وەڵامانە بۆ تۆیە، بۆ منە، بۆ هەموو کەسێکە، کە بیەوێت پلانێکی ستراتیژی بۆ ژیان و کاری خۆیدا بنێت، تەنانەت من هەوڵم داوە لە ڕێی ئەو بەشەوە کەسانێك فێربین کە لە ئەلف و بێی پلان و ستراتیژ و بەڕێوەبردن نەزانن. بۆیە زۆر بە تێر و تەسەلی باسیان لێوە دەکەم.

دەست پێکردنی پلانی ستراتیژی :

پاش خەملاندن و ئامادەیی ڕێکخراو یان دەزگای پەیوەندیدار کەنیازی نوسین وداڕشتنی هەیە،پێویستە هەنگاوێك بچیتە پێشەوە باشتر دەبێت پلان بۆ پلانەکانمان وپڕۆژەکانمان دەبنێین.بەواتایەکی تر و بەشێوەیەکی تەواو ڕوون و ئاشکرابێت، کۆمەڵێك پرسیار کەلەخوارەوە ئامادەکراون یارمەتیدەرێکی باش دەبن بۆ ستراتیژناس بۆئەوەی بەڕژاو

ڕوونـی زیـاتر بـدات بـۆ دەسـت پێکردنـی پـلان بـۆ پلانێـک کـە هەمانە.

پرسیارەکان:

١-کێ لایەنی پەیوەندیدارە، حکومەتە؟ کەرتی تایبەتە؟

٢-بۆچی ئەمە دەکەین؟

-وەڵامێکە بۆ داواکارییەکان.

-یارمەتیدەرێکە بۆ ئاڕاستەی کارکردن.

-بەدەستهێنای سەرمایەیە.

-وەڵامێکی باشە بۆ قەیرانەکان.

-پەیوەندییەکان نوێ دەکاتەوە.

-چالاکی زیاد دەکات.

٣-کاتی دەست پێکردن و کۆتایی چەندە؟

٤–بەرەنگاربوونەوە و تەحەدییەکان چین؟ کێشەو ئاستەنگەکان چین؟

٥–کێ سپۆنسەری ئەو پرۆژەمان دەکات؟ دەسەڵات؟

٦–کێ کەسی یەکەمە کە پەیوەندی و کۆنتاکتی لەگەڵ دەبەستریێ؟

٧–کەسانی ناو تیم کێن؟ سەرکردەکەیان کێیە؟

٨–پێویستمان بە ئاسانکاری هەیە لە لایەنی خەڵکی دەرەوەی پرۆژەکە؟

٩–کاتی کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن چەند دەخایەنێت، بۆ ئەوەی ئەندامانی تیم و گرووپی کار یەکتر ببینن و ڕاوێژ بە یەکتر بکەن.

١٠–پێشبینی چ جۆرە چوارچێوەیەك دەکەیت؟ واتە چەند مانگ جارێك بەتەواوی پرۆژەکەتدا دەچیتەوە؟ شەش مانگ؟ دوازدە مانگ؟ زیاتر...

١١–چ جۆرە سەرچاوەیەك پێویستن؟

–بودجە.

-خەڵک.

-زانیاری.

-ڕاوێژکردن.

-شتی تریش...

پلانی ستراتیژی و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری

داتا و زانیاری گرنگە بۆ داڕشتنی پلان

چی	لە کوێیە	چۆن بتوانین بە دەستی بهێنین
-زانیاری و داتای ژمێریار.		
-داتای سەرچاوە مرۆییەکان.		
-پۆستەکان پرکراونەتەوە یان نا.		
-پرکردنەوەی بۆشایی کارکردن.		
-پێداوستی و کەلوپەل.		
-داتا و زانیاری لەسەر خوول		

و ڕاهێنانەکان.		
-شتی تریش...		

خەملّاندنی بارودۆخی هەنووکەیی:

ڕوونکردنەوەی ئەرك Mission Statement

(ئەرك) پەیامێکە بۆ زیندوو هێشتنەوەی دەزگایان کۆمپانیایەك، بە پوختی پێناسەی ئەم ڕستەیە دەکات (دەزگا و کۆمپانیا دەیەوێ چی بکات؟ یان پێویستە چی بکات؟ لێدوانێکی فەرمییە، مەبەست و نرخی کۆمپانیا و ڕێکخرا وو دەزگا دیاری دەکات.

بەشە بنچینەییەکانی ڕوونکردنەوەی ئەرك:

-دیاریکردنی ئامانجی کڕیار و خەڵك بۆ دەزگا یان کۆمپانیاکە.

-ناساندنی پرەنسیپەکانی خزمەتکردن و گەیاندنی بۆ خەڵک، بە واتایەکی تر، ئەو خزمەتگوزاری و بەرهەمانە چین کە پێشکەش دەکەیت.

-دیاریکردنی ناوچەی جوگرافی، جوگرافیا و سنووری کارکردن.

پەرەسەندن و گەشەسەندنی پوونکردنەوەی ئەرک:

- وەڵامی ئەم دەستەواژانە بدەوە؟

نووسین پلانی ستراتیژییەکەت (ئاژانسە، دەزگایە، حکومەتە، کۆمپانیایە، هتد...) کام جۆرەیانە تکایە ئاماژەی پێ بکە و پێناسەیەکی دامەزراوەکەت بکە؟

٢-بەرهەمت چییە؟ بۆ کێیە بەرهەم و پڕۆژەکەت؟ ئەگەر کۆمپانیایەکی قازانجکەر بێت یان دامەزراوەیەک بێت، بۆ خزمەتکردن بێت نەوەک قازانج، دەبێت بەرهەم و سوودەکانت دیاری بکەی.

لیستی پێداچوونەوەی ڕوونکردنەوەی ئەرک:

پێویستە ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە خۆمان بکەین وەک پێداچوونەوەیەک بۆ ئەرکەکەمان و ئەو لێدوانەی کە داومانە، بۆ ئەوەی بزانین ڕوونە لای خۆمان و خەڵک.

١-ئایا ڕوونکردنەوەی ئەرک ئاوێنەدانەوەی خودی کارەکەمانە کە دەیکەین، ئایا ئەو ئەرکە لەگەڵ کاروبار و توانای تیم و گرووپ یەک دەگرێتەوە؟

٢-ئایا پەیام و لێکدانەوەکەمان بۆ پلانی ستراتیژی ڕوون و ئاشکرایە؟

بە بەڵێ و نەخێر وەڵام بدرێتەوە بۆ ئەوەی بە تەواوی و بە ڕوونی پەیام و لێدوانی ئەرکەکە لای خۆمان و لای خەڵکیش ئاشکرا و سادە بێت.

-ڕوونکردنەوەی دیدگا (Vision Statement)

ڕوونکردنەوەی دیدگا وەسفی ئەو داهاتووە دەکات، کە دامەزراوەکە دەیەوێت پێی بگات. کورت و پوختە، گەورە و

بەنرخە، وێنەیەك دروست دەكات لە لای خەڵك كە وا زۆر بە باشی و بەڕوونی لە پلان و ستراتیژییەكەت بگەن.

بۆیە لێدوان و ڕوونكردنەوە لەسەر دیدگایەكی گەورە و بەنرخ وا دەكات فەرمانبەران و تیمی كاركردن زۆر بە پەرۆشتر و بە جۆشتر كار بكەن بۆ بە دەستهێنانی ئەو ئامانجە.

كارەكتەرەكانی ڕوونكردنەوەی دیدگە:

١-دەمانەوێ چی بەرهەم بهێنین؟

٢-بەرەنگاربوونەوە.

٣-كورت و پوخت.

٤-مانا بدات بە دەستەوە، لۆژیك (منطقی) و ژیرانە بێت.

٥-لای هەموان دەربكەوێت بەتایبەتی و زیاتر لای كەسانی پابەند بە كارەكە.

-ڕوونکردنەوەی نرخ و بەها(Values Statements)

هەر چییەك کە ناوی لێ دەنێیت بەها، پرەنسیپەکانی ئامۆژگاری، باوەڕ هەبوون، هەموویان دەگەنە یەك فەلسەفەی وەسف کردن، ئەویش ئەو ڕستەیەیە (چۆن دامەزراوەکە خۆی بەڕیوە دەبات بۆ بە دەستهێنانی ئامانجەکەی).

ئەم بەهایە کاتێ دەدرێت بە پڕۆژەکە کە وا باوەڕبوون و سووربوون لەسەر ئامانج و ستراتیژەکە ببێتە پالپشتێکی باش بۆ ئەرکودیدگاکە، بۆیە نرخ و بەها دوو شت ڕوون دەکاتەوە، چۆن دامەزراوەکە کارەکان جێبەجێ دەکات و کێن ئەوانەی جێبەجێی دەکەن.

-بنەماکانی ئامۆژگاری و ڕێنیشاندان/ بەهای سەرەکی: ئێمە بۆچی تێدەکۆشین؟

بەشی شەشەم

ستراتیژناس کێیە؟

"دڵی ستراتیژ، ستراتیژناسە"

(مالس ماکوین)

بەشی شەشەم

ستراتیژناس کێیە؟

وشەی ستراتیژ ستراتیژدانەر لەوانەیە کەمێك لە وڵاتی ئێمەدا نامۆ بێت، ئەوەش هۆکاری زۆری هەیە کە وا خەڵك بە باشی لە خودی وشەی ستراتیژ و ئەو کەسەی ستراتیژ دادەنێت بگات، ئایا ئێمەی کورد ستراتیژمان نەبووە؟ کەسانی پسپۆرمان کێیە لەو بوارە؟ ئەوەی من بەداخەوە زۆربەی جار گوێم لە ستراتیژی دەبێت: ئەویش بە بەکارهێنانی لەگەڵ وشەی تر ئەوانیش (ئەم ئەرزە ستراتیژییە! شوێنی ئەم خانووە ستراتیژییە! وەڵا کاکە شوێنەکەت ستراتیژییە) باشە هەر ئەوەندەم بەر گوێ دەکەوێ و بەداخەوە ئێمە نەهاتووین بزانین خودی ستراتیژی مانای چییە، لە ئەسڵدا بۆچی بەکاری دەهێنن، سوودەکانی چین، بەهەرحاڵ زۆر ناچمە ناو ئەو بابەتەوە، چونکە ئەوە بابەتێکی گەورەیە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی پێویستە.

وشەی ستراتیژناس واتە (ئەو کەسەی بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردن و بەدواداچوونی ستراتیژی).

جگە لەوەش گەڕاوم بەدوای هەندێك پێناسە و قسەی رێك کە کراون لەسەر ستراتیژناس یان ستراتیژدانەر و ئەوانیش:

-ستراتیژناس گەشە بە بۆچوون و پێشبینییەکانی دەکات و بە ئاڕاستەی داهاتوو دەیانناووسێتەوە.

-ستراتیژناس کەسێکە لە رێگەی بیرکردنەوە گەورەکانی داهاتوو وێنادەکات.

-ستراتیژناس کەسێکە خوێندنەوەی بۆ ژینگە و دەوروبەر هەیە، هەمیشە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان رێگا چارەیەکی گونجاوی هەیە.

-ستراتیژناس یان کەسی ستراتیژدانەر توانای بینینی ئەو شتانەی هەیە کە وا مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت درکی پێ بکات.

-ستراتیژناس کەسێکە چاوی هەموو کەم و کورتییەکانی بزنس و کار دەبینێت. هەوڵ دەدات کۆمپانیا و دامەزراوەکانی زاڵ بکات بەسەر کەم و کورتییەکان.

-ستراتیژناس بڕیار لەسەر داهاتوو دەدات، دەیبەستێتەوە بە حاڵی حازر و پلان بۆ داهاتوو دادەنێت.

-ستراتیژناس ئەو کەسەیە کە وڵات ئاوەدانتر دەکاتەوە، خۆشبەحاڵی ئەو وڵاتەی دەیان کەسی ئەوەای هەیە.

-ستراتیژناس توانای هەڵبژاردنی باشترینی هەیە لە نێوان کۆمەڵێك هەڵبژاردەی باش.

چی ستراتیژناسێکی سەرکەوتوو دروست دەکات؟

هەندێ پێناسە و وتەی تر لەسەر ستراتیژناسی سەرکەوتوو:

-ستراتیژناس توانای دەربڕینی دوو وشەی هەیە ئەوانیش، نەخێر و بۆچی؟

-ستراتیژناسی سەرکەوتوو و بەتوانا ئەو کێشانە دەبینێت کە وا خەڵکانی تر لە ڕێی پێشبینییەکان دەریدەبڕن، واتە کەم و کورتییەکانیان دەبینێت.

-ستراتیژناسی سەرکەوتوو، توانای بینینی گەڵای دارەکانی هەیە.

هەوڵمدا هەندێك ڕستە و پەند و قسەی نەستەق ستراتیژ و ستراتیژناستان بۆ پێناسە بکەم، بۆیە بەم شێوەیە نووسیم چونکە گەر بێت و بە ڕێگای تر هەوڵمدابوایە لەوانەیە کەمێك قورستر و وشکتر بوایە.

دەمەوێت زیاتر ئەو وشەیە لە لایەن خوێنەری کوردەوە زیاتر هەرس بکرێت، بۆیە خەڵك و خوێنەر هەندێجار لە ڕێی پەندێك، قسەیەکی جوان، دەتوانن زۆر شت فێر بن و لەبیر نەکەن بە ئاسانی، ئەم ڕێگایەم هەڵبژارد بۆ ئەوەی بە تەواوی بخزێتە ناو میشك و زەهنی مرۆڤ و خوێنەری کورد.

بیرکردنەوەی ستراتیژی:

هەمیشە لە بیرکردنەوەیەکی قوولّ وەك هەنگاوی یەکەم و سەرەتا و دەست پێکردن و نووسینەوەی پلانێکی ستراتیژی لە دایك دەبێت کە ئەویش لە دونیای بەڕێوەبردندا بە (بیرکردنەوەی ستراتیژی) ناو دەبرێت. داهێنان لەدایك دەبێت لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قوولّ و تێڕامان لە شتەکان، زۆربەی دەزگا و ڕێکخراوەکان پێویستە بگەنە ڕاستییەك ئەویش ئەوەیە کە وا ئەزموونی ڕابردوو بکەنە تاکە سەرچاوەی گەشەپێکردن و دانانی ستراتیژ بۆ داهاتوو، ئەوە بیرکردنەوە و زیرەکیی دەستەی پلاندانانە کە وادەکات خەونی داهاتوویان بەدەست بهێنن، لە کۆمەڵگای خۆماندا زۆرجار لێرە و لەوێ کەسانێکمان بینیوە، کە هەمیشە پێیان دەوترێ (زۆر قوولّ بیردەکەیەوە) قوولّ بیرکردەنەوە لە ڕابردوو و سوودوەرگرتن لە خاڵی لاوازی ژیان و کار، هۆکارێکە بۆ بونیادنانی داهاتوو، دەبێتە سەرچاوە و گەنجینەیەکی باش بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوو و دانانی پلانی

ستراتیژی لەدایك دەبێت، بیرکردنەوەی ستراتیژی لە پرۆسەی پلاندانان ئەوەیە، چی؟ بۆ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، پێویستە چی بکەین؟ بۆ بیکەین؟

ئەگەر بمانەوێ لە کرۆکی جیاوازی نێوان (بیرکردنەوەی ستراتیژی لەگەڵ پلانی ستراتیژی و پلانی کرداری) بزانین دەبینین کە:

-بیرکردنەوەی ستراتیژی:- بریتیە لە چی؟ بۆ؟ وەك پێویستە چی بکەین؟ بۆ بیکەین؟

-پلانی ستراتیژی:- بریتییە لە چۆن؟ کەی؟

-پلانی کرداری:- زانیاری تایبەت تر و وردتر لەسەر، چۆن؟ کەی.

بۆچی بیرکردنەوەی ستراتیژی گرنگە؟

ئامانج لە بیرکردنەوەی ستراتیژی دروستکردنی ستراتیژێکە کە یەکگرتوو بێت لە بیر و ڕا، چوارچێوەیەک دروست دەکات بە دەوری دەرکردنی بڕیاری چارەنووسساز. دامەزراوەیەک کاتێک بڕیار لەسەر داهاتووی خۆی بدات پێویستە زۆر قوولّ و فراوانتر بیر بکاتەوە و دووربین بن و ئاسۆی بیرکردنەوەیان درێژ بێت، پێشبینییەکان بە هەند وەربگرن.

ستراتیژناس و شارەزا لە تاکتیک (تاکتیکی)

وێنەیەک دروست بکە وخۆت بگەڕێنەوە بۆ(٥٠٠)ساڵ لەمەوبەر. تۆش لەو کاتەدا سەرکردەو و پارێزەری یاسا بووی، ولّاتەکەت بەرەو داگیرکاری دەڕوات، ئاشتی بەرەو لەبارچوون دەچێت، وا خەریکە نیوەی زەوی و زاری ولّات دەکەوێتە ژێر دەستی دوژمن و داگیری دەکەن، ئیتر بیرکردنەوەی زیاتری دەبێت، تاکە هەلّبژاردە لەبەر دەمت شەڕکردن بێت، چی دەکەی؟ بانگی دوو لە فەرماندە باوەڕپێکراوەکانت دەکەی،

پرسیاری ئەوەیان لێ دەکەی چی بکەین؟ بۆچوونی ئێوە چییە؟

فەرماندەی یەکەم، پێت بڵێت، با سوپا کۆ بکەینەوە و خۆمان یەک بخەین، چەک و لەشکرمان بەرەو پێش ببەین و دەس بکەین بە شەڕ و وڵات پاک بکەینەوە لەو داگیرکەرانە.

فەرماندەی دووەم، ئاوا قسە دەکات، پێویستمان بە پلانە، پێویستە شوێنی دوژمن بە وردی دیاری بکەین. سوپاکەمان بەرەو ئاڕاستەیەکی باش بە ڕێ بکەین بۆ ئەوەی بتوانین شوێنێك بدۆزینەوە تاکو گورزێکی باش لە دوژمن بوەشینین، ئیتر دەبێت خاڵی لاواز و بەهێزیان وەرگرین.

- تۆ کام ئامۆژگاری وەردەگری و جێبەجێی دەکەی؟

لە ڕاستیدا تۆ پێویستە لە جەوهەری جیاوازی نێوان ئەو دوو فەرماندەیە بزانیت!

فەرمانـــدەی یەکـــەم تاکتیکیـــە، بـــەڵام فەرمانـــدەی دووەم ستراتیژییە.

باشە ئەمە چ سوودێکی دەبێت کارکردن لە ڕێکخراو یان بـزنس ، بۆ نمونە لە بزنس، زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە !

لە بزنسدا وشـەی (تـاکتیکی) یـان شـارەزا لـە بـواری تاکتیـک و پلانساز، کەسێکە باوەڕی بەوە هەیە کـە پێویسـتە تـۆ بـەهێزتر کار بکەیت، ستاف زیـاتر دابمـەزرێنی، زیـاتر و زیـاتر ڕیکـلام بـۆ کارەکەت بکـەی، ئـیتر کلیلـی سـەرکەوتن لای ئـەو ماندووبوونی زیـاترە و کـارکردنی زیـاترە، بـەڵام سـتراتیژناس لـە بزنسـدا، بـاوەڕی وایـە، کارەکانت بـە زیرەکـی بکـرێن، پێویسـتە پلانێـک هەبێت بۆ بزنسەکەمان تا بزانین ئامانجمـان چـییە؟ دەمانـەوێت کاڵا و بەرهەمەکانمان بڕی چـەند بفرۆشـرێت؟ هـەروەها ئـەمیش باوەڕی وایە کە دەبێت بەهێز و تیم کـار بکرێـت، بـەڵام لـەوەش گـرنگتر ئەوەیـە کـە سـتراتیژناس بـاوەڕی بـە دیـدگا و ڕوئیـای

بزنسەکەی هەبێت و کاری بۆ بکات، تا بزانین کۆمپانیا و بزنسەکەی دەگەنە کوێ لە (١، ٢، ٥، ١٠) ساڵی داهاتوو.

هەر یەک لە ستراتیژناس و تاکتیک (شارەزا لە پلانسازی) بۆ بزنس و ڕێکخراو پێویستن، بۆ نمونە ستراتیژناس ئەگەر ستراتیژێکی هەبوو چۆن بتوانین بەبێ تاکتیک جێبەجێی بکات، هەتاوەکو ئەگەر زۆر ستراتیژناسێکی زۆر سەرکەتوو و بیمەت بی، ناتوانی بگەیتە هیچ شوێنێک.

لەولاتریش ئەگەر تاکتیکمان هەبوو کە تەنها باوەڕی بە ئەوە بێت ئیش بکەی و زیاتر خۆت ماندوو بکەی، بەبێ ستراتیژ ناتوانیت ڕێگای بۆ داهاتوو ڕۆشن بکاتەوە تەنها کار گرنگ نیە، بۆ نمونە تۆ کاتێک سلف لە ئۆتۆمبێلەکەت دەدەی و دەڕۆی دەبێ بزانی بۆ کوێ دەڕۆی، ترافیک لە کوێیە، ڕێگاکانت لە کوێن، کام ڕێگا کورتتر و خێراترە، بۆیە تەنها لە ڕێگەی ستراتیژ ئەو پرسیارانەمان وەڵام دەدرێنەوە.

کەواتــە هــەردووکیان تەواوکــەری یــەکترن و هــەردووکیان دەمانگەیەنن بەو ئامانجەی کە دەمانەوێ پێی بگەین.

بەشی حەوتەم

پلانی ستراتیژی لە بزنسدا (کار و بازرگانی)دا:

"ستراتیژ لە بزنسدا شەڕی پلانە بۆ داهاتوویکی باشتر"

(پاتریک دیکتۆن)

بەشی حەوتەم

پلانی ستراتیژی لە بزنسدا (کار و بازرگانی)دا

هەروەکو چۆن کتێب بەرگی هەیە و ناونیشانی تەواوی لەسەرە و ناوی نووسەر و بەرواری دەرچوون و هەندێك زانیاری تر، بە هەمان شێوە ئەگەر بمانەوێ پلانێك بنووسینەوە دەبێت هەندێك زانیاری لەسەر بەرگی ستراتیژەکەمان هەبێت. بۆ نمونە:-

پلانی ستراتیژی بزنس یان

پلانی ستراتیژی کار یان

پلانی ستراتیژی بازرگانی بۆ؟

(ناوی کۆمپانیا)

لە ماوەی بۆ نمونە

مانگی ١١ی ٢٠١٥ تاکو ١٢ی ٢٠١٨

(لێرەدا تەنها تەنها بۆ نمونە ئەو بەرواره نووسراوە)

ئیتر لەگەڵ لۆگۆ و جوانکاری بەرگ.

دوای ئەوە دەست دەکەیت بە نووسینی ناوەڕۆکی پلانە ستراتیژیەکە، بەجۆرێك هەر بەشە و سەر دێڕی وەردەگریت و کۆپی دەکەی، هەروەکو کتێب لیستێك دروست دەکەیت لەسەرەتای دەست پێکردن بە پڕۆژەکە دایبنێ، بەجۆرێك لەدوای بەرگی دەرەوەی پڕۆژەکە، ئەوەش ئاسانکارییەکە بۆ خوێنەر و لایەنی پەیوەندیدار تاکو بە ئاسانی بزانن ناوەڕۆکی پڕۆژەکە چی تێدایە.

ئەوەی من لێرە مەبەستمە، ستانداردی جیهانی لە نووسینی پلانی ستراتیژی بۆ بزنس بەکار بێت ، بۆیە باشترە پڕۆژەکەت لەو بەشانە پێك بێت:

ناوەرۆك	لاپەڕە
بابەت	
١-تیشك خستنەسەر ستراتیژیەكە.	
٢- تیشك خستنەسەر ئامانج.	
٣- كارەكتەرەكانی.	
٤- بەربەستەكان.	
٥- دیاریكردنی كات و شوێن.	
٦- پلانی (ئەلتەرناتیف).	

هەندێك بیرۆكە بەر لە دەست پێكردن:

-هەوڵبدە وشەی ئاسان و پوخت بەكاربهێنیت، واتە بە كوردییەكی ڕاست و ڕەوان، بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار و خوێنەر بە ئاسانی لە پرۆژەكە بگەن.

-ئەوەمان لەبیربێت كە لەوانەیە خۆمان لەكاتی پێشكەشكردنی پرۆژەكە لەوێ ئامادە نەبین، بۆیە چەند جارێك پێداچوونەوە بۆ پلان و ستراتیژییەكە بكە و وشە و ڕستەكان ڕێزمانی بن و خاڵبەندی و تەواو بێت.

-با پلانەكەت ڕاست و لۆژیكانە بێت. هەمیشە لەگەڵ بەشی (شیكردنەوەی بازاڕ) پەیوەندییەك دروست بكە.

-خۆت مەبەستەوە بە سەرچاوەی باوەڕپێنەكراو با زانیاری و سەرچاوەكان بەردەست و دروست بن، بۆ ئەوەی پلان و ستراتیژەكە واقیعیانە بێت و بتوانی لە كاتی پێویست و پرسیار لەسەر زانیارییەكان سەلماندن بكەی.

-هەمیشە ئەوەمان لە یاد بێت، پێشبینی نەگونجاو یان نالۆژیکانە لە پرۆژەی ستراتیژی و پلانی کاردا دەبنە هۆی مەترسی و نەتوانین لەسەر جێبەجێکردنی، با خەونی ستراتیژییەکەت لە واقیع نزیك بێت.

پێنج تاقیکردنەوە بۆ پلانی ستراتیژی لە بزنسدا:-

١- تێگەیشتن و هەست پێکردن:

ئایا خوێنەرانی پلانە ستراتیژییەکەم بە ئاسانی لە ناوەرۆکی دەگەن؟

٢- زاڵبوون و دەست بەسەرداگرتن:

ئایا ئاراستەی پلانە ستراتیژییەکەمان کە پێشبینی دەکەین هاوتەریب دەبێت و جووتە لەگەڵ یاسای بنچینەیی کۆمپانیا؟، ئایا لەگەڵ دەستوری کۆمپانیا یەك دەگرنەوە؟

٣- بەردەوامی:

ئایا پلانە ستراتیژییەکەمان لەگەڵ ژینگە و کوالێتی داهاتوو گونجاوە، ئایا تاچەند دڵنیاین لە بەدەستهێنانی.

٤- کرداری:

ئایا لە جێبەجێکردن دا دەتوانین زاڵ بین بەسەر کۆسپ و تەگەرەکان، ئایا بۆ دۆخە نەخوازراوەکان پلانی جێگرەوەمان هەیە، یان ئەوەی بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێ (پلانی بی).

٥- بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە:

- ئایا بەرپرسیاریەتی ئیدارییەکان ڕوون و دیارن.

- ئایا هەر بەش و لقێکی کۆمپانیا ئەرکیان پێدراوە.

بەشی یەکەم

(تیشك خستنەسەر ستراتیژییەکە)

پێویستە چی لەم بەشە بنووسرێ؟ ئەمانەی خوارەوە و وەڵامی پرسیارەکان، لای خۆت بنووسەوە و بیکە بە بەشی یەکەم لە پلانە ستراتیژییەکە

- مەبەست و نیازبوون لە پلان
- دەمانەوێ چی بەدەست بهێنین لەو پلانە بۆ کار و بازرگانییەکەمان؟
- Mission statement (ڕوونکردنەوەی ئەرك) بەوە پێناسە دەکرێت
- چەند جۆرە خزمەتگوزاری و بەرهەمێك پێشکەش دەکەین؟
- کەی و چۆن دەتوانین ئەو بەرهەم وخزمەتگوزارییە پێشکەش بکەین؟

- کام کڕیار و کامە گروپ کراوە بە ئامانج، کام گروپ ئامانجی یەکەمانە؟
- کڕیارە هەمیشەییەکانمان کێن؟
- نرخ و بەهای کاڵا و بەرهەمەکانمان چەندن و چۆنن؟
- کێن ئەوانەی ڕکابەرن لە بازاڕدا؟

وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە دەتگەینن بە خۆ ئامادەکردن و دەست پێکردن لە خاڵی یەکەمەوە.

سوود و ئەخلاقییاتی بەرهەم و کۆمپانیا

-ئایا بەرهەمەکانمان، نرخی کاڵاکانمان، لە بازاڕدا سوودی باشی هەبوو؟

-ئایا لە ماوەی ڕابردوودا بەرهەمی کۆمپانیاکەمان لە بازاڕ و فرۆشتندا سوودی هەبووە؟

ئامانجە لەپێش و بەرزەکان

هەوڵبدە لیستێك دروست بکەی و شەش لە ئامانجە هەرە لەپێشەکانت بنوسی، کە ئەوەش سوودی دەبێت لە بەشەکانی داهاتوو بەشی (جێبەجێکردن و بە کردارکردنی پلانی ستراتیژی) هەر لەوێش ئیش لەسەر (smart) دەکەین، کە کورتکراوەی چەند وشەیەکە، لەماوەی داهاتوودا باسیان لێوە دەکەین.

بەڵام ئەوەی لێرە گرنگە دروستکردنی لیستی ئامانجەکانە بەم شێوەیە:

–ئامانجی یەکەم – ئامانجی سێیەم

–ئامانجی دووەم – ئامانجی چوارەم

(پێوەری سمارت SMART)

بۆ بەدەستهێنانی هەر ئامانجێك پێویستە پشت بە بنەمایەکی زانستی ببەستین، ئەویش سمارتە کورتکراوەی چەند وشەیەکە و پێکەوە وشەی سمارتیان دروستکردووە، ئەگەر بەشێوەیەکی

باش لەکاتی دانانی ئامانجەکانمان لەبەرچاوی بگرین ئامانجەکانمان لەلا رووتر و سادەتر دەبێت.

لەم وشانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١-Specific دیاریکراو بێت.

پێویستە ئامانج لە قالبە گشتی و فراوانەکەی دەربکەینە دەرەوە، بۆ نمونە دەمەوێ ببمە بازرگان و پارەدار، لە بری ئەوە پێویستە ئامانجەکەمان بەرتەسکتر و ڕوونتر بکەینەوە و بڵێین دەمەوێ داهاتی مانگانەم بگەیەنمە ٤٠٠٠ دۆلار و لەماوەی ٦ ساڵدا بتوانم بازرگانی پێوە بکەم.

٢-Measurable توانای پێوانی هەبێت

بۆ نمونە بەچی دەزانین لە ئامانجمان نزیک بووینەتەوە؟ یان چەندمان ماوە پێی بگەین؟ بۆ نمونە کاتێک دەڵێیت دەمەوێ و ئامانجمە تەندروست و لاواز بم لە ساڵی داهاتوودا، ئەوە گشتگیرە و ناپێورێت وەک پێویست، لە بری ئەوە باشترە بڵێین

لـه سـاڵی داهـاتوو وەرزش دەکـەم و خـواردنی چـەور نـاخۆم و جگەرەش تەرک دەکەم.

٣- Attainable توانای بەدەستهێنان

ئێمە باس لـەوە ناکـەین گەیشـتن بـە خـەون و ئامانجت مـەحاڵ بێـت! بـەڵام ئەگـەر بـە وریـایی و ژیـری پلانـی بـۆ دابنێـی، ئامانجەکان بچوکتر بکەوە و دابەشی سەر چەن ئامـانجێکی بکـە واتـە ئامانجـە بچـووکەکان دەبنـە پـەیژەیـەک بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامنجـە گـەورەکان، توانـای بەدەسـتهێنانی خـەون و ئامـانجی گەورە پێویستی بە هەنگاو و ئامانجی بچووکتر هەیە.

٤-Realistic ڕاست و واقیعی بێت

واتە پێویستە گونجاو بێت لەگەڵ کـار و مانـدووبوونی ڕۆژانـەت، هەمیشە پرسیار لەخۆت بکەیت ئایا بۆچی دەمەوێ ئەو ئامانجـە بەدەسـت بهێـنم؟ ئایـا مـن کـاتم دانـاوە بـۆی؟ ئایـا ئامـادەم و دەگونجێ لەگەڵ واقیعی تردا.

٥- Time – Bound کاتی دیاریکراو

دانانی کات هەمیشە گرنگە بۆ کارەکانمان، ئەوەش زیاتر کە تۆ ئامانجێکت هەبێت پێویستە ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ دیاری بکەی، سەرەرای سەرقاڵیت پێویستە کاتێکت هەبێت بۆ خەون و ئامانجت.

جێبەجێکردنی ئامانج

ئەم خشتەی خوارەوە، پیشاندان و جێبەجێکردنی ئامانجەکانە، بەهەمان شێوە لێرەدا تەنها ناوی ئامانج و کات و پێوانە و مەبەست لەو ئامانجە بنووسە و دیاری بکە، بەڵام لە بەشەکانی داهاتوودا واتە بەشی (جێبەجێکردن و بە کردارکردنی پلانی ستراتیژی) ئامانجەکەمان دەپێکین و زیاتر باسیان لێوە دەکەین، لێرەدا بەمشێوەیە خشتەیەك دروست بکە:

ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئامانج	پێوانەکردنی ئامانج و دوورییەکەی	مەبەست	چوارچێوەی کات

کاروباری پـارە و دارایـــــــی و کاریگەری لەسـەر جێبەجێکردن			
مارکێـت و کڕیـار			
چـالاکی نـاوخۆ و کاریگەریـیەکەی			
گەشـــــەپێدانی پلانی درێژخایەن و داهێنان.			

بەشی دووەم

(بزنسەکە)

کورتەیەک لەسەر هەڵسەنگاندنی بزنس و کارەکەت، لێکۆڵینەوەیەک بکە لەسەر ژینگەی کارەکە بۆ ئەوەی بتوانی لەم بەشە باکگراوندێك لەسەر بزنسەکە بنووسی و ببێتە بەشێکی گرنگ لە پلانە ستراتیژییەکەت، باشتر و چاکترە لەم شتانەی خوارەوە ئەم بەشە بنووسی و ئاماژەی پێبکەی:

- خاوەن کۆمپانیا، بەڕێوەبەری، خاوەن بەشەکان.
- پوختەیەک لە مێژووی کار و بزنس و کۆمپانیا.
- ژینگەی کارکردن و پوختەیەک لە چالاکییەکان.
- شوێنی کارکردن و ئەدرێس.
- ئێستا لە چ قۆناغێکی ژیان و بازنەی ئیشکردن دایت.
- کێ پشتیوانی لە کارەکەت دەکات؟

- بەدەستهاتووەکانی ڕابردوو، چالاکی ڕابردوو.

- کلیلەکانی کۆمپانیا و ڕاوێژکارەکان – بانکە پۆژمێریار.

- پەیوەندییەکانی نێوان بزنس و موشتەرییەکان.

- بەکاربەرەکانت لەماوەی ڕابردوودا.

بەشی سێیەم

شیکردنەوەی مارکێت (بازار)

لەم بەشەدا پێویستە تەواوی ئەو خاڵانەی خوارەوە کە دەبنە کلیلی وەرگرتنی زانیاری لەسەر مارکێت، لە ڕووی دەرفەت لە بازاڕدا، ئەو کون و کەلەبەرانەی کە لە بازاڕدان. مەترسی و هەڕەشە لەسەر کار و بازاڕ، لەم بەشە باسکردن و شیکردنەوەی ئەم خاڵانە پێویستە تاکو ستراتیژێکی سەرکەوتوو بونیات بنێین لە بزنس و بازرگانییەکەمان، ئەوانیش:

- خواستی ناوخۆ و جیهانی.

- ماکرۆ ئینڤایرۆنمێت (ئەو شیکردنەوەی کە پێویستە هەموو پلان و ستراتیژێك حسابێکی گەورەی بۆ بکات ئەم جۆرە لە شیکردنەوەی ژینگە، لە بەشەکانی پێشووتر زۆر بە وردی و بە ڕوونی باسمان لێوەکردووە، کە بریتین لە -(Pastel).

- لایەنی پیشەسازی.

- بازاڕ و کڕیار.

- ڕکابەر و بەرهەمەکانیان.

- هەر لەم بەشەی شیکردنەوەی مارکێت و بازاڕدا بە کورتی پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارانەی تێدابێت:

١- کێن ئەوانەی ڕکابەرن و بەرهەمەکانیان هاوشێوەی کۆمپانیاکەی تۆیە؟

٢- قەبارەی بازاڕ دیاری بکە و ئایا لە گەورەبوون و گەشەکردندایە؟ ئەگەر بەڵێ، بە چ پێوەرێك؟

٣- خاڵی بەهێز و لاوازی ڕکابەرەکان لە بازاڕدا چیە؟

٤- نرخ و بەهای کاڵا و بەرهەمەکانی ئەو ڕکابەرانەی کە لە دەور و پشتی کارکردنی ئەو کۆمپانیایەی تۆن؟

٥- سەبارەت بە فرۆشتن و ساغکردنەوەی بەرهەم لە بازاڕدا پێویستە چی بزانرێت؟

– کێ بڕیاری داوە کە بەرهەمەکانت لێ وەربگرێتەوە بکات؟

– پێوانە وقەبارەی کڕین؟

– لە کوێ بەرهەمەکان دەفرۆشرێن؟

– چۆن بەرهەمەکان دەفرۆشرێن؟

– کەی بەرهەمەکانمان دەگەن و ئامادە دەبێت بۆ

بۆ ئەوەی بە تەواوی بتوانیت بازاڕی کارکردن شی

ئەمانەی سەرەوە وەڵام بدەوە و دەکرێ جگە لەم

پرسیارکردنەی من، تۆش شتی تر و پرسیاری تـ

بکەی، بۆ نمونە تۆ لە بازاڕێکی کوردستان کا

لەوانەیە ژینگەی کارکردنت وەك ئەمە نەبێت

بمانەوێت پلانێك بۆ داهاتووی کارکردنمان بنووس

لەوانەی سەرەوە بگەین و ئەوەی تریش دەکەوێتـ

ئیشکردن و جۆری بازاڕەکەت. گرنگترین شت

بازاڕ و شێوازی کڕین و فرۆشتن، ڕکابەرەکان، جۆر و کوالێتی بەرهەمەکان.

بەشی چوارەم

بەرهەم

بۆ ئەوەی لە پرۆژە ستراتیژییەکەمان بەشی بەرهەم دەوڵەمەند بکەین و لە خاڵە بەهێز و بێ هێزەکانمان باشتر تێبگەین، با وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە و وەڵامەکانمان بکەینە چەند ڕستەیەک و لە بەشی بەرهەم و لەناو پلانی ستراتیژ لە بزنسەکەمان دایبنێین، پرسیارەکان؟

- ئامارژە بە بەرهەمی ئێستا و بە بەرهەمی داهاتوویەکی نزیک بدە؟

- چی وادەکات بەرهەمەکانمان جیاوازتر بن لە رکابەرەکانی بازاڕ؟

- تاچەند بەرهەم و کاڵاکانمان لە بازاڕدا نرخ و بەهای هەیە ؟

– سوودی بەرهەمەکانمان لەماوەی ڕابردوودا، ئایا لە ماوەی ڕابردوودا ئەخلاق لە بەهەم و بزنسەکەمان هەبووە، وەک جۆرێک لە هەڵگرتنی بەرهەم و شتوومەکەکانمان و فرۆشتنیان لە بارودۆخی شەڕ و قەیراندا؟

– ژینگەی کارکردن و باری کۆمەڵایەتی، واتە کام چینی کۆمەڵگات هەڵبژاردووە تاکو بەرهەمەکانت بکڕن و مامەڵەی پێ بکەن.

– ئایا تاچەند بەدواداچوونت کردووە لە شێوازی هەڵگرن و گواستنەوەی کاڵا و نرخ و بەهای بەرهەمەکانت دوای فرۆشتن لەلایەن کۆمپانیاکەت؟ واتە سەردانی بازارت کردووە؟ دوای ساغکردنەوەی بەرهەمەکانت.

بەشی پێنجەم

مارکێتینگ (بازاڕدۆزینەوە)

ئەم بەشە لەگەڵ بەشی چوارەم پەیوەندییەکی پتەویان هەیە، لە مارکێتینگ ستراتیژیدا، زۆر شت گرنگ و شایەنی ئەوەیە باس بکرێت بەڵام هەوڵ دەدەین هێما بە چەند خاڵێك بدەین کە پێشبینییەکان و ستراتیژییەکە دەوڵەمەندتر دەکەن لەو خاڵانەش کە لەو بەشە بنووسرێت بریتییە لە:

- بەرەوپێشچوونی بەرهەم و زیادکردنی لە بازاڕەکان.

- دابەشکردن، شێوازی گواستنەوە و پێویستە کە خێرا کەلوپەلەکان لە کۆمپانیا دابەشی سەر بازاڕ بکرێ، بەجۆرێکی تر باشترە لەو ستراتیژییە شێواز و باشترین ڕێگا بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی کڕیار و خەڵکی ئاسایی بەئاسانی بتوانن بەرهەم و کاڵاکان دەستەبەر بکەن. بە واتایەکی تر بیر لەوە بکرێتەوە لق و بەشی تر زیاد بکرێت، بۆ نمونە بتوانرێت ئەگەر لە شارێك بوو

لە زۆربەی گەڕەکەکانی شار لقی هەبێت یان کڕیاری هەبێت دوای ئەوەش ستراتیژێکی دووربینی هەبێت تاوەکو بەسەر هەموو شارەکانی تر دابەشی بکات.

- زیادکردنی ئەو کەسە پرۆفیشنالانەی کە توانایەکی باشیان هەیە لە بواری مارکێتینگ و بە بازاڕکردن، ئەو کەسانە بدۆزرێتەوە کە توانایەکی باشیان هەیە لە دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هانیان بدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵک و کڕیارەکان لە داهاتوودا باشتر مامەڵە بکەن و سوود لە هەڵەکانی دەوروبەریان وەرگرن و هەمیشە لەخەونی ئەوەدا بن، کە کڕیار و موشتەری زیاتر پەیدا بکەن و خەڵک لە شێوازی مامەڵەکردنیان ڕازی بن و دوور بن لە هەموو ئەو ڕەفتار و ڕەوشتانەی کە زیان لە کۆمپانیا دەدەن.

- زیادکردنی خزمەتگوزاری و هەمیشە هەوڵی پێشەنگی بدرێت لە بواری خزمەتگوزاری لە ئێستادا و لە داهاتووی کارکردن و ئەگەر هیچ نەبێت ناکرێ و ناگونجێ لە ڕکابەرەکانت کەمتر

خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێ. ئەگەر باشتر نەبوو پێویستە لەگەڵ هەمان ئاستی ئەوان بێت.

– دیاری هەبێت بۆ بریکارەکان و هەمیشە سیستەمی نوێ بەکار بێت لەگەڵ ئەوان، هەوڵ بدرێت باسی ئەو شتە بکرێ لە شێوازی برێك پارە تەرخان بکرێت بۆ کرپینی دیاری و رێزلێنان و یان بۆ نمونە لەسەر داهاتوو زیاتر و زۆرتر ناوی کۆمپانیایەکە بناسرێت و لای خەڵك، بخوێندرێتەوە ئەوەش خاڵێکی تری گرنگە بۆ پلانی ستیراتیژی هەڵبەت تۆش لە هەر بەشێك ئازادی لە زیادکردن و کەمکردنی خاڵەکان.

بەشی شەشەم

(لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان)

لە نووسینەوەی پڕۆژەدا هەمیشە بەشی لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان بەشێکی گرنگتر و بەرچاوترە، چونکە کۆمپانیایەک چۆن بتوانێت خۆی بەرەو پێشەوە ببات و دیدگا و ڕوانگەی بنووسێتەوە و ئیشی بۆ بکات لە کاتێکدا بێ بنەما و پەیوەیست بە هیچ لێکۆڵینەوەیەک نەبێت، خودی وشەی لێکۆڵینەوە بە واتای چوونە ناو قوواڵایی کێشەکان و لە بچووکترین خاڵدا لێکۆڵینەوە دەکات. لێکۆڵینەوە یان توێژینەوەی بەرهەمدار و دەوڵەمەند زۆر لە کۆمپانیای بچووکی گەورە کردووە و بۆتە هۆکارێک بۆ بەرەو پێشچوونی کار و بزنس. هەر لەو توێژینەوەیەشدا خاڵی بەهێز و خاڵی بێهێز دەدۆزیتەوە، بۆشاییەکان هێمای بۆ دەکرێت هەوڵی چارەسەری بۆ دەدەن، بگەڕێینەوە سەر قسەی هەندێک کۆمپانیا کە زۆر گەورەش بوون و بەڵام وایان بەسەرهاتووە کە خۆیان باوەڕ بە خودی خۆیان

نەکەن و ئەو قسەیە دەکەن و ڕستەیە دووبارە دەکەنەوە، ئەویش "زۆر بە داخەوە ئێمە لێکۆڵینەوەمان نەکرد و خاڵی لاوازی ئێمە نەبوونی توێژینەوەیەک بوو لەسەر بازاڕ و بچووکترین یەکەی کارکردن"، بۆیە پێویستە گرنگی بەو بەشە بدرێت و لێکۆڵینەوەی لۆژیکیانە بۆ کۆمپانیا و دەوروبەری بکرێت.

بەشی حەوتەم

بەرهەمهێنان و گەیاندن

هەموو بەرهەمێك پێویستی بە ساغکردنەوە هەیەلە بازاڕدا ، واتە بەرهەمەکان لە بازاڕەکاندا بەردەست بن، چی وا دەکات بەرهەم و کالّای کۆمپانیا بگات بە دەستی کڕیار و هاوڵاتیان بێگومان خزمەتگوزاری گەیاندن، لە پڕۆژەی ستراتیژیدا دەبێت پلان بۆ ڕێگاکانی گەیاندن ئامازەی پێ بکرێ، ئیتر ئەو خزمەتگوزارییەش وابەستەیە بە بازاڕ و خواستی کڕیار لەسەری، بەڵام وەك لە بەشەکانی پێشتردا باسمان کردووە ناگونجێت لەگەڵ کۆمپانیایەکانی چواردەوری خۆت کەمتر خزمەتگوزاری پێشکەش بکەی، لەم بەشەدا سیستەمێك بنووسرێتەوە بۆ داهاتووی کارەکانت بۆ نمونە لەم بەشانە پێکهاتبێت:

- شێوازی کڕینو گەیاندن.

- شێوازی کڕین بە ئۆنلاین و ئینتەرنێت.

- دابینکردنی پێداویستییەکانی گەیاندن.

- دروست کردنی پردی بەیەککگەیاندنی کۆمپانیا و دەوروبەر.

بەشی هەشتەم

دروستکردنی پەیوەندی

دروستکردنی پەیوەندی نێوان کۆمپانیا و لەگەڵ کڕیار و هاوپەیمانەکان لە حاڵی ئێستادا زیاتر گرنگی بە کڕیارە هەمیشەییەکانت بدە هاوپەیمانەکانت لەیاد مەکە و دوای ئەوەش بۆ پڕۆژەی داهاتوو هەوڵی بەدەستهێنانی کڕیاری زیاتر بدە و هاوپەیمان و پاڵپشتی نوێ پەیدا بکە. زۆر گرنگە لە ستراتیژی و پلانی بزنسدا هەمیشە هەوڵی زیاتر و زۆرتر بدەی، بۆ ئەو مەبەستەش وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێتە بەشێك لە بەشەکانی پلانی ستراتیژییەکە:

- ئاماژە پێدانی هەموو کڕیار هاوپەیمانانی بازاڕ بە پووڵی.

- کێ دەبێتە کڕیاری داهاتوو؟

- ڕێگایەکی نوێ بەکارهاتووە بۆ سەرنج ڕاکێشانی کڕیاری زیاتر؟

- ئایا ئەو کڕیارانەی داهاتوو ئایا ئەو کڕیارانە یاسایین؟

بەشی نۆیەم

ڕێکخستن و بەڕێوەبردن

لەم بەشەدا کە زیاتر پەیوەستە بە خودی کۆمپانیایەوە، باسی لە هەیکەلی ئیداری و شێوازی بەڕێوەبەری کارەکانت دەکەی بۆ داهاتوو چۆن چۆنی بە چ شێوازێك ئیدارەی ئەو هەموو پڕۆژەیە دەدەی:

بۆ ئەم مەبەستەش ئەم خاڵانەی خوارەوە بە گرنگی وەربگرە:

- هەیکەلی ئیداری لە خاڵی ئێستادا و لە داهاتوودا.

- کورتەیەك لە گرووپی کارکردن و تیمی بە بازاڕکردن لە حاڵی ئێستاد و داهاتوودا.

- پێداویستیەکانی کارمەندانی ئێستا و لە داهاتوودا.

- پێدانی ئەرك بۆ کارمەندانی لە ئێستا و لە داهاتوو.

- بەشی سەرچاوە مرۆییەکان.

– خول و کۆرس، لە ئێستادا چەند خول و کۆرس کراونەتەوە بۆ کارمەندان و لە داهاتوودا نیازی کردنەوەی چەند خولی ترمان هەیە.

– هەمیشە بەدوای پێداویستییەکانی بگەڕێیت و بزانیت کام بەشەی کۆمپانیای پێویستی بە زانیاری زیاترە و وا باشترە کە خول و ۆرك شۆپان بۆ بکرێتەوە لە داهاتوو.

زاڵبوون بەسەر گۆڕانکارییەکاندا لە پلانی ستراتیژی:

"گۆڕانکاری دوژمن نییە، ترس دوژمنی تۆیە"

پەندێکی چینی

هەندیك جار گۆڕانکارییەکان خێرا و لەناکاو پوو دەدەن، یان ئەو پلانەی کە دانراوە، لەگەڵ بازاڕی کاردا ناڕوات و گۆڕانکاری دێتە

پێش، یان ئەو ئاراستەی کە تۆ دەتەوێت، بتگەیەنێتە ئامانج ئاراستەیەکی هەڵەیە و پێویستی بە چاککردن هەیە تاکو بێتە سەر سکەی خۆی و بەرەو ئەو ئامانج بڕوات.

ئایا ئەو ستراتیژەی کە دانراوە دەکرێ دەسکاری بکرێت؟ ئایا لە گۆڕانکارییە خێراکانی پلانی ستراتیژییەکەدا کە چی بەسەر دێت؟ ئایا ڕێکخراو یان کۆمپانیا ناتوانن دەسکاری ڕێگاکانی گەیشتن بە دیدگایان دەسکاری بکەن؟ بێگومان زۆربەی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان کاردانەوەی خێرایان نییە بۆ گۆڕانکارییەکان، هەندێکیان لە کاتی داڕشتنی پلانی ستراتیجی ئەوەی حیسابی بۆ نەکەن و لەبەر چاوی نەگرن گۆڕانکارییەکانە یان هیچ پلانێکی بەدیلیان نییە و کاریان لەسەر نەکردووە.

من پێم خۆش بوو لە کتێبەکەم تەنها داڕشتنی پلانی ستراتیژی نەبێت. پێم باش بوو بگەڕێم بە دوای کاردانەوە کان بۆ گۆڕانکاری لە ناکاو لە ناو ستراتیژەییەکەمان، هیچ کاتێک سەد لە سەدی پلانەکان وەک خۆیان ناڕۆن و بەرەو پێشەوە ناچن،

پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە چی بکەین بۆ بەرەنگار بوونەوەی گۆڕانکارییە لە ناکاوەکان، منیش وەڵامی ئەم پرسیارەتان دەدەمەوە چونکە یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی پلانی ستراتیژی گۆڕانکاری کەشوهەوا و ژینگەی کارە، لەگەڵ ڕۆژدا.

- لە خوارەوە چەند نهێنییەك دەخەمە ڕوو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکان لە پلان و بزنسەکەمان.

١- دەستبەجێ دروستکردنی (Swot) کە لە ماوەی پێشەوە باسمان کردووە. ئەمە ئەگەر گۆڕانکارییەکان چاوەڕوانکراو بوون و لەسەر خۆ بوون، یەکسەر دەست بکە بە دانان و نووسینی خاڵە لاوازەکان و لە ماوەیەکی کورتدا زاڵ بە بەسەریاندا.

٢- دانانی بوجەیەك بۆ حاڵەتی لەناکاو بۆ نمونەکۆمپانیاکەت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە (دوو) کەسی پێویستە، بەڵام لە ناوەڕاستی پلانەکەت هەست دەکەین کە وا دەست بەجێ پێویستە دوو کەسی تر دامەزرێنین، بیکەین بە چوار کەس بۆ

ئەوەی بتوانین دوو ئەوەندە کار بکەن و بەرهەمی زیاتریان هەبێت.

٣- پلانی بژاردەی (B)، پلانێکی بەدیل دەکرێ لەگەڵ نووسین و داڕشتنی پلانی ستراتیژی کاری لەسەر بکرێت بەتایبەتی بۆ بڕگە سەرەکییەکانی گەیشتن بە ئامانج. پلانی (B) زۆر گرنگە وەك پلانێکی بەدیل ناوزەند دەکرێ، بۆ نمونە ئەگەر پلانی (A) سەری نەگرت یاخود نەگونجا لەگەڵ پۆژگاردا، بۆ ئەوەی کارەکەت بەرەو دوا نەڕوات تۆ دەتوانی پلانی (B) بەکار بهێنیت ، تاکو شیکاری بارودۆخەکە دەکەی، هەندێك پێیان وایە دەکرێ پلانی (C) و (D) یش هەبێ ئەگەر ڕێکخراوەکەت یان کۆمپانیاکەت گەورە بێت و ڕکابەری زۆر بێت.

٤- پێکهێنانی لیژنەیەك کە بەردەوام کار بکەن بۆ ئەوەی چارەسەری بە پەلە بدۆزنەوە بۆ ئەو بارودۆخە ناهەمواردی کە ڕووبەڕووت بۆتەوە، پێویستە بڕیاردەری زۆر باش بن و خێرا

بتوانن بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەن و کار و بزنسەکەیان ڕێکار بکەن.

لە هەموو خاڵەکانی سەرەوە گرنگتر ئەوەیە، پلانەکەت نەگۆڕیت بەڵام ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانج بگۆڕی. تا بتوانی کار لەسەر ڕێگا بکەی وەک چارەسەر بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەم و ئامانجمان بەدەست بهێنین.

بەشی هەشتەم

بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

بەشی هەشتەم

بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

چەمکی بەدواداچوون:

بریتییە لە پڕۆسەیەکی پلان بۆداڕێژراو و بەردەوام. بەدرێژایی تەمەنی پڕۆژەکەت ئەنجام دەدرێت. لە پێناو کۆکردنەوەی زانایاری لەبارەی بەکارخستنی دەسکەوتەکانی پڕۆژەکە و کاریگەرییەکانی. لەدواتردا گەیاندنی داتا و زانیارییەکان بۆ بەشی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە، یاخود هەر لایەنێك کە ئامانجی سەرخستنی پڕۆژەکەی هەبێت.

ئامانجەکانی بەدواداچوون:

هەموو ئەو زانیاریو داتایانە بە دەست دەخات کە پەیوەستن بە چالاکییەکانی پڕۆژەکەت و ئەوەندەی کە جێبەجێ کراون، ئەم پڕۆسەیەش دڵنیایی دەدات لە:

- جێبەجێکردنی پڕۆژەکە ، ئایا بەپێی پلان و خشتەی دیاریکراو بەرەو پێش دەڕوات .

- ئایا تێچووی چالاکییەکان وەک خۆیانن یان زیاد و کەمیان کردووە.

- ستانداردەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی وجۆرایەتی پوون دەبنەوە.

- بەکار هێنانی توانا مرۆییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر.

- کاریگەری پڕۆژەکە و بەدیارکەوتنی ئەو پلانەی کە بۆی داڕێژراوە.

- دەستنیشان کردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان و دانانی شیکار بۆیان.

- دیاریکردنی ئاستەنگەکانی کە لەپێش پڕۆژەکەت پەیدا دەبێت.

جۆرەکانی بەدواداچوون:

لە ڕووی سروشتی بەدواداچوون

١- بەدواداچوونی هونەری بۆ شوێنی پڕۆژەکە، بریتییە لە پیشاندانی ئەو کارانەی کە تەواوکراون لەبەرانبەر ئەوەی خەرج کراوە لە بەکار بەری و وەبەرهێنەکان و بەراوردکردنی ئەو کارانەی کە جێبەجێکراون بەگوێرەی ئەوانەی کە لەپلانی پڕۆژەکەتدا بە وردی باس کراون لە ڕووی شوێن و مەرجەکان و ئەو سەرچاوانەی کە لە دروستکردنی پڕۆژەکەدا زیاد کراون و هۆکارەکانیان و کاریگەرییەکانیان لەسەر هێنانەدی ئەو ئامانجەی کە پەیوەستن بە پڕۆژەکە و ئەو ئاستەنگانەی کە دێتە بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، چەند سروشتی بن یا بەهۆی بارودۆخی دەرەکەییەوە بن.

١- بەدواداچوونی دارایی

ئەمەش جۆرێکی تـرە لـە بەدواداچـوون کـە بەدرێـژایی پرۆژەکـە ئـەنجام دەدرێـت. ئـەم بەدواداچـوونە زیـاتر بـۆ لایـەنی دارایـی پرۆژەکە و ئەو بڕە پارەیەی کە بـۆ پرۆژەکـە دانـراوە بەبـەراورد بە خەرجییەکان و هتد...

کە ئەم جۆرەیان لـە بەدواداچـوون دەکـرێ لـە مانگانـە بکرێـت، واتە لە کۆتایی مانگ بەدواداچوونی دارایـی بـۆ پرۆژەکـە بکرێـت یان بەشێوەی وەرزی واتا بە سێ مانگ جارێك، یـان لـە هەنـدێك رێکخراو ئەوکاتە بەدواداچـوونی دارایـی دەکـەن کاتێـك رێکخـراو ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵ پێشکەش دەکات.

لە ڕووی سەرچاوەکەیەوە

١- بەدواداچوونی ناوەخۆیی:

ئەم جۆرە بەدواداچوونە بەشێوەیەکی سەرەکی تایبەتمەنـدە بـە بوارەکـانی جێبـەجێکردنی چـالاکییەکانی خـودی پرۆژەکـە و

ئامانجیشی بەرچاو ڕوونی بەڕێوەبەرەکانی پڕۆژەکە و سەرپەرشتیارانی جێبەجێکاری پڕۆژەکەیە، زیاتر خۆی دەبینێتەوە لەلایەنی کارگێڕی پلان و پڕۆژەکە، لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردن و کارگێڕی ئەنجام دەدرێت.

١- بەدواداچوونی دەرەکی:

بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم جۆرەیان تایبەتە بە ئاستی بەرەو پێشچوونی پڕۆژەکە، بەشێوەیەکی گشتی و هاوتەریب لەگەڵ ئەو چوار چێوەڕێکخستنەوڵ (تەنزیمی و مەنتیقییەی) کە بەهۆیەوە پڕۆژەژیکییەکەی کە ئەنجام دەدرێت.

مەرجەسەرەتاییەکانی دانانی پلانی بەدواداچوون:

بۆ ئەوەی پلانێکی بەدواداچوونی پوخت و ڕێکت هەبێت پێویستە لە پێشدا ئەم مەرجانەی خوارەوە فەراهەم بکەیت:

١- پلانی جێبەجێکاری چالاکییەکانی پڕۆژەکە.

٢- ئامانج چییە لە پڕۆسەی بەدواداچوون؟

٣- دەستنیشانکردنی کارت لە پڕۆسەی بەدواداچوون.

٤- دەستنیشانکردنی شێواز و ڕێگاکانی بەدواداچوون.

٥- دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتییەکان.

هەڵسەنگاندن:

بۆ ئەو پلانە کە هەمان بووە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەیەک بەدواداچوونمان بۆ کرد لە دواتر دەبێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکەیت.

هەڵسەنگاندن: بریتییە لە پڕۆسەی پێوانەکردنی ئاستی سەرکەوتنی پڕۆژەیەک یا بەرنامەیەک کە پلانت بۆداناوە و دەتەوێت بە ئامانجێک بگەیت.

لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە پێوانەکاری، بۆیە ئاماژەکان بەڕەگەزێکی

سەرەکی دادەنرێت لە پڕۆسەی هەڵسەنگاندندا، هەندێك کەس وایان داناوە کە پڕۆسەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن هەمان پڕۆسەن، لەبەر ئەوەی پڕۆسەی بەدواداچوون وێنەیەکە لە وێنەکانی هەڵسەنگاندن.

ئامانجەکانی پڕۆسەی هەڵسەنگاندن:

- ئاستی هاتنە دی پڕۆژەی پلان بۆ دانراو.
- ئاستی گونجاوی ستراتیژی پڕۆژەکە و چالاکییەکانی.
- ئاستی گونجاوی ئامانجەکانی پڕۆژەکە و شێوازی جێبەجێکردنی.
- ئاستی بەشداری کردنی دەوروبەر و هاوبەشەکانت لە بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە.
- ئاستی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە.
- بەڕیوەبردنی داهات.

گرنگی هەڵسەنگاندن:

لە بەڕێوەبردن و چاودێری پڕۆژەکان گرنگی و بەهای زۆری هەیە بەڵام بە کورتی دەتوانین بڵێین:

١- ئەوەمان بۆ دەردەخات سەرکەوتن و ژێرکەوتنی پڕۆژەکە لە کوێیە.

٢- گۆڕانکارییەکان جوانتر شی دەکاتەوە.

٣- وا دەکات زۆر بەئاسانی بڕیار بدەیت.

٤- دەسکەوتەکانی ڕوون و ئاشکرا دەکات.

٥- گەیشتن بە ڕاستترین بڕیار.

٦- پیشاندانی کاریگەری پڕۆژەکە.

٧- یارمەتیدەرێکی زۆر باشە ئەگەر بمانەوێت کە وا پڕۆژەکەمان درێژ بکەینەوە.

٨- دەرخستنی خاڵە لاواز و بەهێزەکان.

٩- سوود وەرگرتن لە وانەکانی کە وا بە هەند وەرگیراون، تاکو لە پرۆژەی داهاتوودا چارەیان بۆ بدۆزیتەوە.

ئەگەر ئەو خاڵانەی سەرەوە نەبێت یان پرۆسەی هەڵسەنگاندن نەبێت هیچیان وەدەست نایەن و کێشە زۆر دەبن، بڕیار نادرێت، چاوەڕوانی درێژکردنەوەی پرۆژەکە نابین، خاڵی لاواز و بەهێزمان نابێت و هتد...

بۆیە گرنگە لە کۆتایی پرۆژەی پلان بۆدانراو پرۆسەکە ئەنجام بدرێت.

جۆرەکانی هەڵسەنگاندن:

یەکەم: هەڵسەنگاندنی بەپێی کات

- هەڵسەنگاندنی پێشوەخت.

- هەڵسەنگاندنی قۆناغدار.

- هەڵسەنگاندنی نیمچەقۆناغدار.

- هەڵسەنگاندنی کۆتایی.

دووەم، جۆری زانیارییەکان :

- هەڵسەنگاندنی چەندایەتی.

- هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی.

- هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی.

بڕیاردانی هەڵسەنگاندن:

لە پێشدا پلانێکی ستراتیژی هەبووە بۆ پڕۆژەیەک و بەشێوەیەکی قۆناغدار پڕۆسەی بەداداچوونت بۆ کردووە ئاگاداری هەنگاوەکانی بەڕێوەچوونی پڕۆژەکە. لێرەدا بڕیارە، هەڵسەنگاندنێکی بۆ بکەین. پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا ئەگەر بڕیار بدەین پڕۆسەی و هەڵسەنگاندن ئەنجام بدەین ئەو پێداویستییانە چین کە پێویستن، بۆ ئەنجامدانی.

ئەم خشتەیەی خوارەوە وەڵام ئەم پرسیارەمان دەداتیەوە:

نووسینی ڕاپۆرت

دابەشکردنی داتا و زانیارییەکان

شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان

کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان

ئامادەکاری پێداویستی و توانای پێویست بۆ پڕۆسەی هەڵسەنگاندن

دیاریکردنی داتای پێویست و سەرچاوەکانی

دیاریکردنی ئامانجەکانی هەڵسەنگاندن، ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن و ئەوانەی بەشداری تێدا دەکەن و چۆن و کەی؟

بڕیاردانی هەڵسەنگاندن

ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن:

داڕشتن و نووسینی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی هەر پڕۆژەیەک:-

فاکتەرەکانی پلاندانانی هەڵسەنگاندنی پڕۆژەیەک:

١- ناوی پڕۆژەکە.

- شوێن.

- دەستەی بەرپرس لە هەڵسەنگاندنە؟

- کەی پێویستییان بە هەڵسەنگاندنە

- زانیاری دیکە.

١- ئامانجی هەڵسەنگاندنەکە.

٢- چۆن ئامانجەکان بکار دەهێنرێت.

٣- ئەو فاکتەرانە چین کە ئەتەوێت هەڵیان بسەنگێنی؟

٤- وەرگرتنی نمونە.

ڕەگەزەکانی نووسینەوەی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن:

١- لاپەڕەی بەرگ

- ناو و شوێنی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.

- ناوی ئەوانەی کە کرداری هەڵسەنگاندنیان ئەنجام داوە.

- ناوی لایەن و بەشداربووانی پڕۆژەکە.

- ماوەی هەڵسەنگاندن.

- بەراواری تەواوبوونی هەڵسەنگاندن.

٢- لیستی ناوەڕۆك (پێڕست)

٣- پوختەیەك لەسەر ڕاپۆرتەکە و بەکورتی باسی کات و شوێن و چۆنیەتی هەڵسەنگاندن بکە.

٤- زانیارییە بنەڕەتییەکان.

کەی پڕۆژەکە دەستی پێ کردووە و چۆن بەڕێوەچووە کۆنووسی کۆبوونەوەکان و ڕاپۆرتە بچووکەکان.

٥- مەبەستی هەڵسەنگاندن.

- مەبەستی هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکە؟.

- ڕێگاکان چین کە گیراونەتە بەر بۆ بە دەستهێنانی داتا و زانیاری؟

- کێشەکان چین؟

- ئاستەنگەکان چین لە ڕووی (سەرچاوەی مرۆیی، لایەنی دارایی، لایەنی ڕێکخستن...)؟

٦- ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

دوای ئەوەی کۆمەڵێك ئەنجام وەدەست هاتن، پێویستە شی بکرێتەوە و خشتە و نەخشەی ئەنجامەکان لە کۆتاییدا هاوپێچ بکەین.

۷- دەرەنجام

- تا چ ئاستێك ئەنجامەكانی پرۆژەكە بەدەست هاتوون؟

- كام لایەنی پرۆژەكە بەباشی كاریان كردووە و كامیان پێویستییان بە باشترکردن هەیە؟

- قازانج و تێچووی پرۆژەكە چییە؟

- گۆڕانكارییەكان چین كە پرۆژەكە هێناویانەتە دی.

۸- هاوپێچەكان

نەخشە، ڕوونكردنەوە، وێنە، وێنەی بەرگ، خشتە، كلێشەی فۆرمی هەڵسەنگاندن.

لە كۆتاییدا بەهۆی پرۆسەكانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن. كۆمەڵێك شت و داتا و زانیاریمان بە دەست دەكەوێت بەوەی لە پێشووتر‌دا باسمان كردووە لە دوای ئەم دوو پرۆسەیە ڕێكخراو یان دەزگاكە دەتوانێت بڕیاری چاكسازی بدات بۆ ئەو بەشانەی

کەوا بۆی دەرکەوتووە کەموکورتیان هەیە، دەتوانێت بڕیار بدات کە پڕۆژەکە درێژبکاتەوە یان نا؟

هەروەها قۆناغ بە قۆناغی پڕۆژەکە ئاگەدار دەبێت.

بەکورتی پڕۆەی پلان بۆ داڕێژراو باس دەکات، دوای ئەوەی دەست کرا بە جێبەجێکردن لەگەڵ دەست پێکردن پڕۆسەی بەدواداچوونی بۆ بکرێت، دوای ئەوەش پڕۆسەی هەڵسەنگاندن. بەڵام حەز دەکەم لە خوارەوە دوا پێناسەی هەردوو پڕۆسەکە بکەم بۆ ئەوەی لای خوێنەر زۆر زیاتر ڕوون بێتەوە لێرە و لەوێ جیاوازی زۆر ناکرێت لەنێوانیان، بگرە هەندێکیان دەڵێن هەر یەک شتن!

بەدواداچوون: بریتییە لەو هەڵسەنگاندنەی کە پەیوەستە بە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.

هەڵسەنگاندن: ئەو کارەیە کە پەیوەستە بە ئاستی هاتنە دی ئامانجەکانی پڕۆژەکە.

سەرچاوەکان:

- Wright Peter, Kroll Mark J., Parnell John.Strategic Management Concepts, 4th Edition. Upper Saddle River, New Jersey: Prentice Hall, Inc, 1998.
- F. Channon, Derek.Encyclopedic Dictionary of Strategic Management. Oxford: Blackwell Publishers Ltd., 1999.
- Change Management, Jeffrey M. Hiatt and Timothy J. Creasey, PROSCI Research Center
- Alex Scott. Ma, MSc, Ph. D. strategic planning. Edinburgh Business school.2016
- Philip Anderson.2014.the strategic planning toolkit.
- My project thesis (master degree in business administration.
- Using SWOT and PESTEL analysis which is used in my master project.

- Fogg.c.1999.Implementing your strategic plan, New York.
- Writing Business Plans, AllExperts (http://en.allexperts.com/q/Writing-Business-Plans-2081/Business-Planning-vs-Strategic.htm)

- Tregoe, B. B., Zimmerman, J. W., Smith, R. A., & Tobia, P. M. (1989). Vision in action: Putting a winning strategy to work. New York: Simon &Schuster.
- HelenM. 2006.strategic management resources (the benefit of strategic planning.
- Burke, R. Project Management – Planning and Control Techniques, Third Edition.
- Yudia yakave. 2017.effective business planning. case study.
- Wario cheg. 2014.Business plan.
- CcGraw.the mind of the strategist.
- With many articles from the internet.

پلانی ستراتیژی، کەردستەیەکە لە کەردستەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن کە هۆکارێکە بۆ مانەوەو بەردەوامی لە ڕێکخراو، دامودەزگا، دەولەت و کۆمپانیاکاندا، لە زۆربەی کاتەکاندا گونجیستی ووشەی ستراتیژ دەبین بە تایبەت لە بواری سەربازی، سیاسی وە هەروەها بزنس. پلانی ستراتیژی پێناسە دەکرێت بە بەدیهێنانی خەون و ڕێگاکانی گەیشتن بەو خەون و ئامانجە، کاردەکات بۆ گەڕان بەدوای خاڵی لاواز و چارەسەرەکانی وە هەروەها خاڵە بەهێزەکان و پەرەپێدانیان، ژینگەی دەورویەر و ناوەوەت بۆ شیدەکاتەوە، دەرفەتەکان دەکاتە چەکێک و بەکاریدەهێنێت بۆ لەناوبردنی هەڕەشەو مەترسیەکان کە ڕووبەڕوت دەبنەوە.

وەک دەڵێن "پلانی ستراتیژی" پردێک دروست دەکات لەنێوان ئیەت وکردار، نیازەکانت دەگۆڕێت بۆ کردارێکی کاریگەر لە پێناو مانەوە لەگەڵ گۆڕانکاریەکان.

کتێبی "پلانی ستراتیژی" دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت بۆ خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان ،چونکە کەمترین سەرچاوەمان لەو بوارەدا هەیە. وە هەروەها تۆ و کەسانی خوێنەری ئاساییی، دەتوانن زانیاری تەواو بەدەست بهێنن لەسەر پلان و پلانی ستراتیژی بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ژیانتان و گەیشتن بەو شوێنەی کە دەتانەوێ پێی بگەن.

هەرشتێک بتوانی لەخەیاڵی خۆتدا وێنای بۆ بکەیت،ئەوا حەقیقەتە لای تۆ ، بۆیە ئەوندە خۆزگە مەخوازە و دەست بکە بە دارشتنی پلانێک ، هەمیشە وتراوە "ئەوەی بەڕێکوپێکی دەستی بەڕۆیشتن کرد ،نیوەی ڕێگاکەی بڕیوە"! .

نووسەر: ڕەنجدەر خالد گراوی، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە کارگێڕی کار، نووسەر خاوەنی دوو کتێبی چاپکراوە لەساڵی 2014 ، ئەوانیش: "سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن" و "زمانی جەستە"یە، ڕاهێنەری نێودەوڵەتی لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی. لەئێستادا لەڕێکخراوە نێودەوڵەتیە مرۆڤ دۆستەکان کاردەکات.

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی
بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە